# سادقی هیدایەت

# لەناو تۆڕی عەنکەبوتدا

نوسین.. وەرگێڕان.. ئامادەکردن

## زمناکۆ بورهان قانع

**چاپی یەکەم** **سلێمانی ٢٠٠٧**





کتێب: **سادقی هیدایەت لەناو تۆڕی عەنکەبوتدا**

بابەت: **لێکۆڵینەوە**

نوسەر: **زمناکۆ بورهان قانع**

نەخشەسازیی: **ئازاد حاجی**

هەڵەبڕی: **ڕێگا فریا**

چاپ: **خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا**

زنجیرە چاپکراوەکانی: **ڕەخنەی چاودێر**

زنجیرە: **یەک**

سەرپەرشتیار: **سامی هادی**

ژمارەیسپاردن: **ژمارە "  "ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**

تیراژ: **٥٠٠ دانە**

نرخ : **١٥٠٠ دینار**

**ژیان لەودیو پەنجا ساڵییەوە، خڵەفانێکی گەورەیە..**

**سادقی هیدایەت**

**پێشکەشە:**

**بەو کەسانەی، کە لە گۆڕستانی پێرلاشێز نێژراون.**

**-زمناکۆ-**

## لە جیاتی پێشەکی
## پەیامی " سادقی هیدایەت "

لـە ژیانـدا کۆمـەڵێك هـەن کـە پـێش وادەی مـەرگی خۆیـان دەکـەونو بەپێـچەوانەشەوە کەسـانێك هـەن کـە لەمـەرگی خۆیـان دوا دەکـەون، دەتوانین بڵـێین کە سادقی هیدایـەت یەکێکە لەوانەی کە پـێش وادەی مەرگی خۆی کەوتو بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانە کورتەکەی هێنا.

ئایا ئەو خۆکوشتنە بۆ رزگاربوون بوو لە تەنگژە فیکریەکانی؟ یان ئیحساسێکی نەرجسی خۆی بووە بەرانبەر بە مەرگ؟ داخۆ ویستویەتی ببێت بە یەکێك لە رەمزە جوانەکانی دنیای ئەدەبیات؟ یان ترسی ئەو لە ژیان هانی داوە بۆ کارێکی لەو جۆرە؟ هەوڵ ئەدەم لە رێی ئەم پەیامەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

کارەسـات لەوەدایـە تـۆ نوسـەرێك بیـتو بـەردەوام ووشـەگەلێکی ترسناك لە نوسینەکانتدا ئامادەگییان هەبێتو پاشان ئەو وێنانە نەقڵ بکەی بۆ سەر ئەزری واقیع. ئەگەر پێش مەرگ هەست بکەیت تۆ بۆ ئەم ژیانـە سـازو تـەیار نـەکراویت، ئەگـەر بزانیـت مرۆڤێکـی پـشتکۆمو چـەماوەیت بەرانبـەر بـە ژیـان، یـان ئەگـەر درکـت بـەوە کردبێـت کـە خـوێنێکی دەڵەمـە بـە دەمارەکانتـدا گـوزەر دەکـات، یـاخود لـە نێـو تاریکخانەیەکـدا دوور لـە نـوور ژیـان دەگوزەرێنیـت، ئـەوا تـەنها خۆکوشتنە کە چارەی هەموو دەردی سەرییەکانت دەکاتو سنورێك بۆ نەهامەتی دادەنێت.





ئێمـە لـەم ژیانـە دەرکراین کەواتـە مادامـەکی دونیایـەکی تـر وجـودی نیەو ژیان لە بناغەدا شتێکی پڕو پووچو پڕ لەگاڵتەجاڕییە، کەواتە با هـەمووومان خۆمـان بپێـچینەوە بـۆ عـەدەم چونکە تـەنها لـەنێو ئەو ژیانە نەهلـستیەدایە کـە مـرۆڤ دەزانێـت چـی دەکـات، لـەوێ، لـە خـەڵوەتێکی تاریکی ئەوێدا قاپێك شەرابی کۆن بنۆشەو لە پەنایەك هەڵبتروشکێ، یان وەك مریشك چینە بکە، پێدەچێت حەقیقەت هەر لەمەدابێت.

هیدایەت ئیحساسێکی ساردوسڕی هەیە بەرانبەر بە ژیان، دروست لە بزەیەکی سیحراوی دەچێت کە لە لێوێکی قڵیشاودا ووشكو کرێت بووبێت، بە دنیای شێتیو گومڕاییو بێهۆشیو پڕ لەترسو تۆقاندنی خۆی تاریکیەکی سەرمەدی دەخاتە نێو ئەم جیهانە فانییە، تاریکیەك پـاش کوژاندنـەوەی ئـەو چـرایەی کـە هەمیـشە دووکـەڵ دەکـات، هەندێکجار پێکەنینێکی ووشك، گاڵتەجاڕ، تۆقێنەرو سارد شووشەی چراکە لە تاریکیدا ووردوخاش دەکات.

هەراسانە بەرانبەر بە ژیان، لەسەر تەختی نوستنەکەی باز دەدات، لەشی مردوو، لێوی قڵیشاو، دەنگی نوساو، نیگای کوێر، کوڵمی زەق، هەمیـشە رەشـپۆشو بـێ جووڵـە، قاپێك شـەرابی کـۆنو مقـەڵی تریـاك تـەنها کەلوپـەلی ماڵەکـەی ئـەون، پـاش ئەمانـە بـە پەنامەکییـەوە لـە کونێکەوە هەڵتروشکا.

ئادەی بزانە بیری خۆی بەچی بشواتەوە؟ چ هاودەمو خاتونێك دێت بەلایـەوە؟ نـا ... ئـەو کەسـی نیـە.. هـیچ کـەس.. تـەنها کۆمـەڵێك نـاوی ترسناك شك دەبات کە بۆ چیرۆكو نوسینەکانی داناوە... ببینە ئەم ناوانە چەند ترسناكو تۆقێنەرن:

(کوندەپەپووی کوێر، سێ دڵۆپ خوێن، تاریکخانە، مەرگ، زیندە بەگۆڕ، سەگی وێڵ، زمانی بێدەنگی گوێدرێژێك لەکاتی مەرگدا .... تاد). کەواتە لێگەڕێن و قوفڵێکی ژەنگاوی بدەن لە دەرگا رزیوەکەی ژیانی ئەو!.. بۆچی؟ پێدەچێت لەبەرئەوە بێت کە ئەو لە حەقیقەتدا لە ئێمە عارف ترە، تەنها خۆی دەزانێت کە تارمایی رەشی ژیانە تاریکەکەی بەسەر چ شەقامێکی تەڕو نسێ دار دا هەڵدەلەرزێت.

چ خەڵوەتێکە ئەم گۆشەگیریە؟! هەمیشە پیاڵەیەك شەراب بە نێو ددانە قفڵبووەکانیدا دەزار دەنێت.." وەبیرم هاتەوە، نا، لەناکاو پێم ئیلهام کرا کە قاپێك شەرابم لە خەڵوەتی ژوورەکەمدا هەیە، شەرابێك کە ژەهری ددانی کوبرای تێکەڵ کراوەو بە قومێکی ئەو هەموو مۆتەی ژیان تەرتو تونا دەبن... دوایی دیسان گوتم: تۆ گەوجی، بۆ زووتر خۆت خەلاس ناکەی؟ چاوەڕێی چیت؟ مەگەر قاپی شەراب دە خەڵوەتی ژوورەکەتدا نیە؟ ... قومێکی بخۆوە جا بزانە چۆن دەفڕیت؟! گەوج... تۆ گەوجی... دەگەڵ هەوا قسان دەکەم! ". ئەوەتا ئێستا خۆی دۆزیەوە، بۆ یەکەمجارە کە هەستی سکون بەخشی بە نێو قەلبی دا دەگەڕێت، پاش کەمێك ئاوڕدانەوە، بەلام چۆن ئاوڕدانەوەیەك؟! بە جۆرێك کە ڕیتمی بێدەنگیی ئەو سکون بەخشییەی شەرابەکە تێك نەدات، بەڵێ.. رێك بەو جۆرە... چ دەبینیت ؟

تەنها مقەڵی تریاك!! بەلام ئێستا ئەو نینۆکی قامکی شەهادەی دەستی چەپی دەجوێت!! بیر لە چی دەکاتەوە؟... نازانم.. پێدەچێت بڵێت تەنها لە بێهۆشیدایە کە مرۆۋ هەست بە جوانی ژیان دەکات!! نـا.. نـا.. من ناتوانم بڵێم ئەو پیاوە بۆ تەنها لەحزەیەکیش ژیانی لا جوان بووەو خۆشی ویستووە.. باشە ئەدی بیر لە چ دەکاتەوە؟ رەنگە





ئەمجارە بیر لە ووشەگەلێکی ترسناکتر لە ناوی چیرۆکەکانی بکاتەوە، بۆ نمونە لە چەشنی ئەم ووشانە:

( قەبر، تابوت، خوێنی دەڵەمە، خەوی مەسنوعی، تریاكو شەراب، تەنگەنەفەس بوون، هێڵنج، ڕشانەوە، تەرم، گۆڕستان، هەناسە هەڵکێشان، دەمار بڕین، تۆڕی جاڵجاڵۆکە، رووناکیو شۆقی لەرزۆك، چەمانەوەی پشت، قامك گەستن، ئەشکەنجە، جرجو مشك، سێبەری خواروخێچ، چۆڵەوانی، لوورەی گورگ، قاڕەی قەلەڕەش... تاد).

تۆ بڵێی لەسەرەتادا ڕەگو دەمارو ئێسکەکانی خۆی تووشی پوکانەوە کردبێت؟ ئەی ئەم کارەی بۆ لەدەست دێت؟ وەبیرم کەوتەوە ئەو شەوە لە ماڵی ئەودا خوانو سفرەو خۆراکێکی بەتام بۆ کرمەکانو جرجەمشکەکان سازکرابوو!! دەیویست خۆی پێشکەشی ئەوان بکات.. تەماشا ئەو خواردنە خۆشە!! دەمارو ئێسکی پوکاوە!! ئەم قسەیە مایەی پێکەنینێکی ووشکە.

لەبەر زەینی ئەودا دنیا تاریكو ڕەش داگەڕاوە چەشنی مردویەکی ساردوسڕ، بێ هەستو بێ بزووت، سێبەرەکان لەبەر دەمیدا دەلەرزێن، سواری گالیسکەیەك بووە کەچی نایگەیەنێتە شوێنی مەبەستو بە لاڕێدا دەیبات، تەمو مژێکی خەست بەری دنیای گرتووەو ئەویش وێل بووەو تەنها ڕێ ی گۆڕستان شارەزایە.

گالیسکەکە دوو هێستری بۆزی پیری لموز قەڵبی لێ بەستراوەو پیرەمێردێکی پشتکۆم رێشمەو دان لەغاوی هێسترەکە دەسوڕێنێت، لەناو گالیسکەکەدا تاکە شوێنێك کە بۆ مەردووم ساز درابێت تابوتێکی شکاوەو بزماری تابوتەکەش ژەنگی هەڵهێناوە، هەوایەکی شێدار دێتە ناو تابوتەکەو مەحاڵە جارێکی تر بچێتە دەرەوە.

ئایا هێسترەکان ڕێڕەوێکی ڕاستو دروست دەگرنە بەر؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟.. بۆ گۆڕستان!! چەند ناوێکی پڕ لەترسو بێزاریە؟ ئەی پیرەمێردی پشتکۆم بۆ وادەکات؟ ئەی ئەم چی دەکات لای تابوتەکە؟ ئەی بۆ دەبێت بزماری تابوتەکە ژەنگی هەڵهێنابێت؟ ئەی ئەو هەوا شێدارە بۆ لە تابوتەکە ناچێتە دەرەوە؟ پرسیارگەلێکی بێ مانا بە ئەندازەی بێ مانایی ژیان.

لە پشتی گالیسکەکەدا سەرمای بوو کۆخەیەکی وشکی کرد، لەشی داغ ببوو، لە ڕاستیدا ئەو سەرمایەتیو وشەی داغ بوون بۆ سوتانە بە شتێکی گەرم نەك بۆ هەڵلەرزین، بەڵام بۆ داغ بوو؟ منیش دوای ماوەیەك وەبیرم هات کە خوێنی دەڵەمە دەنێو دەمارەکانیدا گوزەری دەکرد! ئایا لە ترسی مەرگ بوو؟ یان لە ترسی بینینی ڕێشمەو دان لەغاوی دوو هێسترە لمۆز قەڵبەکە بوو کە پیرەمێردێکی پشت کووڕ ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت بەرەو گۆڕستانێکی چۆڵ؟ بەڵێ... گۆڕستانێکی چۆڵ کە تەنها ئەوی لێیە... کەسی لێ نیە... ئەوەندە چۆڵە پەپوو دەخوێنێت!!.

ئەم سەفەرە بیرکردنەوەیەکی شێتانەیە بەڵام ئەو سازو تەیار نەکراوە بۆ خۆشنودی، ئەو تاریکی بە سەرچاوەی جوانی دادەنێتو دەڵێت: *"ڕوناکیم پێ خۆش نیە، لەبەر هەتاو هەموو شتێك لوسو ئاسایی دەبێت، ترسو تاریکی سەرچاوەی جوانین، پشیلەیەك بەڕۆژ لەبەر ڕوناکیدا، ئاساییە، بەڵام لە شەوی تاریکدا چاوەکانی زیتەیان دێتو تووکەکانی دەبریسکێنەوەو جووڵەکانی مەرموز دەبن- پنچکە گوڵێك بە ڕۆژ مەلوولەو تەونی جاڵجاڵۆکە داییپۆشیوە، شەو دەڵێی ڕازو ڕەمزێك لەدەوری شەپۆلان دەداو مانایەکی تایبەتی بە خۆوە دەگرێ".*





لێرەدا وا بەدەردەکەوێت کە ئەو وەك گیانداری زستانی دەچێتە نێو کونێکەوەو لە تاریکی خۆیدا نقوم دەبێت، پێدەچێت ئەمە ژیانی ئایدیاڵی ئەو بێت چونکە ژوورەکەی وی بە شێتخانەیەك دەچێت! گوێ بگرە لە وەسفی ژوورەکەی خۆیدا چ دەڵێت:

*" نازانم دیوارەکانی ژورەکەم چ شتێکی ژەهراوییان پێبوو کە بیرەکانی منیان دەرمانداو دەکرد- من دڵنیابووم کە بەر لە من کەسێکی خوێنگرتوو، کەسێکی شێتی پەتیارە لەم ژوورەدا بووە"* .

ئەی دەربارەی سێ دڵۆپ خوێنەکە چی بنووسم؟ *" ئەو سێ دڵۆپە خوێنەی کە لە گەرووی دەڕژێت هی گوربە نیە هی بایەقوشە"*، چونکە دوای ماندوبونێکی زۆر لە ژیان ئەو دێت تەماشای خۆی دەکات، وای خودایە چ دەبینێت؟!! دیمەنێکی زۆر ترسناك!! دوای سەفەرە شێتانەکەی دەبینێت جلەکانی دڕاون، سەرتاپای ئاوێتەی خوێنی دەڵەمە بووە، دوو زەرگەتە لە دەوری وی دەفڕنو کرمگەلێکی سپی بچووك لەسەر لەشی تێك دەبەزنو قورسایی مردوویەك سنگی دەگوشێت!! تەواو.. ئیدی ئەو خۆی ئەشکەنجە داو خۆی خەلاس کرد چونکە گاڵتەی بە ژیان دەهاتو هەستی دەکرد بۆتە میکرۆبێکی کۆمەڵو بونەوەرێکی زیانە خورۆ، تەنبەڵو تەوەزەلەو بەهەڵە هاتۆتە سەر دنیا، تەنها خواردنو خواردنەوەی ئەو ژەهری پۆتاسیۆمو تریاكو شەرابە، تۆ بزانە لە وەسفی ژەهر خواردنەکەیدا چەند بەتامەوە باسی لێوە دەکات:

*" سیانووری دۆ پۆتاسیۆمم کردەوە، لە قەراغی گرمۆڵە هێلکەییەکەی بە قەرا دوو گرەمم تاشی، دە کاشەیەکی بەتاڵم نا، بە چەسپ لێوارەکەیم چەسپ کردو خواردم. نیو سەعاتێك تێپەڕی، هیچ*

*هەستێکم نەکرد، سەر کاشەکە کە هەندێکی ئاوێتە ببوو سوێر بوو، دیسان هەڵمگرتەوە. ئەمجارە بە قەرا پێنج گرەمم لێ تاشی و کاشەکەم قووت دا، چووم دە تەختەکەمدا خەوتم، وەها خەوتم کە بەشکەم ئیدی هەڵنەستمەوە!".*

ئێستا تەواو ، ئەڵقەیەکی ئاگرین لە چوار دەوریەتی و دەبێت وەك دووپشك بدات بە خۆیەوە، ئێستا... ئەو چیتر هەناسە نادات.

تێبینی: هەندێك وێنەو نوسینی ناو کەوانەکان ووتەی "سادقی هیدایەت"ن، لە چیرۆکەکانی ( کوندەپەپووی کوێر، سێ دڵۆپ خوێن، تاریکخانە، و زیندە بەگۆڕ) وەرمگرتوون.

زمناکۆ بورهان قانع
زستانی/ ٢٠٠٧

شوێن: ماڵەوە/ ناو جێ ی نوستنەکەم

کات: تەماشای کاتژمێری سەر دیوارەکەم کرد، کاتژمێرەکە خەوتبوو، بەڵام هەستم کرد کە نیوەڕۆیە.





## بەشی یەکەم

– دەروازەیەك بۆ چوونە ناو ژیانێکی تاریك..
– بایۆگرافیایەکی پڕ لە میزاجیەت..
– کوندەپەپوویەك بە کوێری لە دایك دەبێت..

*"لە تاران بە یانییەکی زوو چووم لە شەقامی شائاباد لە عەتتاریی تریاکی بکڕم، ئەسکەناسی سێ تمەنیم لە پێش دانا، گوتم: دوو قڕان تریاك، ئەو بە ڕدێنی خەناویی و بە ئارەقچینێك کە لە سەری بوو سڵاواتی دەنارد، لە بنەوە چاوێکی لێکردم، دەتگووت پیاوێکی رووناسە یان فیکری منی خوێندەوە، گوتی: وردەمان نیە. دوو قڕانم دەرهێنا دامێ، گوتی: هەر نایفرۆشین. هۆیەکەم پرسی وەڵامی داوە: ئێوە جحێڵ و نەزانن خودای نەکردە لەپڕ لەسەرتان بدات تریاك دەخۆن. منیش زۆرم نەکرد".*

*(سادقی هیدایەت– زیندە بەگۆڕ).*

سادقی هیدایەت لە ١٧ی فێبرایەری ساڵی ١٩٠٣ لە ماڵی باوکی لە تاران و لە بنەماڵەیەی ئۆرستۆکراتی لەدایك بوو، ئەگەر تا ئێستا لە ژیاندا بمایە ئەوا تەمەنی (١٠٤) ساڵ دەبوو، بەڵام ئەو ئەوەندە گەمژە نەبوو ئەو هەموو هەناسەدانە بێ مانایە قبوڵ بکات هەر لەبەر ئەوە لە ٤ی ئاپریڵی ساڵی ١٩٥١دا و لە تەمەنی ٤٨ ساڵی لە ژووری نووستنەکەی خۆی لە پاریس خۆی گازاوی کردو خۆی خنکاند.

ئەو بۆخۆی هەمیشە دەیگووت: ژیان لەودیو پەنجا ساڵیەوە خڵەفانێکی گەورەیە.

باوکی هیدایەت قولی خانی هیدایەت "اعتضاد الملك" کوڕی جەعفەر قولی خانی هیدایەت "نیرالملك" وە دایکی خاتوو عوزرای " زیور الملك هیدایەت" کچی حسێن قولی خانی "مخبر الدوله"ی دووەم بوو.

باوکو دایکی هیدایەت لە دیارترینو بەناوبانگترین بنەماڵەی ئێران بوونو رەزا قوولی هیدایەت یەکێك بووە لە ناودارترین نووسەرو مێژوونووسو شاعیری سەدەی سیانزەهەمی کۆچی- هەتاوی کە لە پاشماوەکانی (کەمالی خوجەندی) بووە.

سادق لە ساڵی ١٢٧٨-هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٠٨ی زاینی لەتاران لەقوتابخانەی (علمیە) چووەتە بەرخوێندن پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی لە ساڵی ١٩١٤دا دەچێتە ناوەندی (دار الفنون) و دووساڵ دوای ئەوە تووشی چاو ئێشەیەکی سەخت دەبێتو ماوەیەك لە خوێندن رای دەگرێت بەڵام لە ساڵی (١٩١٧)دا دووبارە دەچێتەوە بەرخوێندن بەڵام ئەمجارە دەچێتە قوتابخانەی (سەن لۆیی تاران) کە لەم قوتابخانەیەدا شارەزاییەکی باش پەیدا دەکات لە زمانو ئەدەبی فەرەنسیدا.

ساڵی ١٩٢٣ خوێندن تەواو دەکاتو ساڵێك دوای ئەوە لەگەڵ گرووپێك لە خوێندکارانی ئێران بۆ خوێندن رووددەکەنە وڵاتی بەلژیك (بەلجیکا)، هیدایەت سەرەتا لە زانکۆی بەندەری شاری (Ghent) دەخوێنێت بەڵام لە ئاوو هەواو وەزعی ئەو شارە ناڕازی دەبێتو دواجار نەقڵی دەکەن بۆ پاریس.





خاوەنی "کوندە پەپووی کوێر" بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٨دا واتە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بڕیاری خۆکوشتن دەداتو لە "ساموا"ی دەورووبەری پاریسدا خۆی فڕێ دەداتە نێو رووباری (Marne)و دەیەوێت خۆی نقوم بکات بەڵام گەمییەك (بەلەمەوانێك) لەکاتی سەوڵ لێداندا سەوڵەکەی بەر سەری سادق دەکەوێتو تەماشا دەکات مرۆڤێکە خەریکە نقوم دەبێت یەکسەر رزگاری دەکات، بەڵام هیدایەت لەجیاتی ئەوەی سوپاسگوزار بێت پێی دەڵێت: بۆ وات کرد؟! ئینجا دەڵێت: بۆ نەگبەتی ئەمجارەیان رزگارم بوو.

یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی سادق دوای دووساڵ لەدەرچوونی لە ئەکادیمیای سانت لویس دەبێت (لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦) ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هیچ کام لەشاکارە گەورەکانی خۆی نەنووسیبوو، من بۆخۆم پێم وایە هێشتا پەلەی کردووە لە خۆکوشتن چونکە دەبوو کەمێك دوای بخات، ئەوە بوو خۆش بەختانە دوای خست.

لە ساڵی ١٩٣٠ دا گەڕایەوە بۆ تارانو لە (بانکی میللی) دامەزرا بەڵام چونکە کەسێکی میزاجی بووە زوو زوو ئیستیقالەی دەنووسیو شوێنی ئیش کردنی بەجێ دەهێشت، لەوکاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی وەکو (بزورگی عەلەویو مەسعودی فەرزادو موجتەبا مینۆیی) دا گرووپی (ربعە)یان دامەزراند.

لەساڵی ١٩٣٢دا دەچێت بۆ ئەسفەهانو لە (بانکی میللی) ئیستیقالە دەکاتو لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی) دادەمەزرێت.

لەساڵی ١٩٣٣دا سەفەرێکی شیراز دەکاتو لەماڵی مامی (دکتۆر کەریمی هیدایەت) بۆماوەیەك دەمێنێتەوە.

لەساڵی ١٩٣٤دا لە (بەڕێوەبەرێتی گشتی بازرگانی) ئیستیقالەی کردو لە وەزارەتی دەرەوە دامەزرا، ساڵێك دوای ئەوەش دیسانەوە دەستی لەکارکێشایەوەو بۆ (ئاسایشی تاران– تأمينات نظمية تهران) بانگ کراو بەهۆی بابەتگەلێك کە لەکتێبی (وغ وغ ساهاب)دا نووسیبووی خرایە ژێر لێپرسینەوە، لەڕاستیدا بنەماڵەی هیدایەت تێکەڵەیەك بوو لە بنەماڵەیەکی سیاسیو ئەدەبی.

لەساڵی ١٩٣٦دا لە (کۆمپانیای هاوبەشی گشتی بیناسازی) دامەزراو هەر لەم ساڵەدا سەفەرێکی کرد بۆ وڵاتی هیندستانو لە ژێر چاودێری لێکۆڵیارو مامۆستای هیندی (بهرام گورانكل ساريا)دا فێری زمانی پەهلەوی بوو، پاش ئەو سەفەرە وازی لە (کۆمپانیای هاوبەشی بازرگانی بیناسازی) هێنا.

ساڵی ١٩٣٧ گەڕایەوە بۆ تارانو دووبارە لە (بانکی میللی ئێران) دامەزرایەوەو ساڵێك دوای ئەوە وەك ئیشی هەمووجارێکی دووبارەو سێ بارەو چەند بارە ئیستیقالەی کردەوەو لە ئیدارەی (مۆزیکی وولات) دامەزراو هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری (مۆزیك)دا دەکرد.

هیدایەت ئەمجارەش واز لەو ئیشە دەهێنێتو لەساڵی (١٩٤٠)دا وەك وەرگێڕێك لە زانکۆی (هونەرە جوانەکان) دەستی بەکار کرد، لێرەدا ئەوپەڕی هەڵسوکەوتی پڕ لە میزاجییەتی سادقمان بۆ دەردەکەوێت کە لەماوەیەکی کەمدا لە کۆمەڵێك شوێن وازدەهێنێتو دادەمەزرێت.

لەساڵی ١٩٤٢دا لە گۆڤاری (سخن–پەیڤ)دا کاردەکاتو دووساڵ دوای ئەوە زانکۆی (دەوڵەتی ئاسیای ناوەندی) لە (ئۆزبەکستان) بانگهێشتی دەکاتو ئەویش بەرەو (تاشقەند) بەڕێ دەکەوێت.





ماوەیەك دوای ئەو سەفەرەی لە گۆڤاری (پەیامی نور)دا ئیش دەکاتو هەر لەو کاتەدا ڤیستیڤاڵی ڕێزلێنانی سادقی هیدایەت لە ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران لە سۆڤیەتی جاران ساز دەکرێت.

لەساڵی ١٩٤٩دا بۆ بەشداری کردن لە (کۆنگرەی جیهانی لایەنگرانی ئاشتی) بانگهێشت کرا، بەڵام بەهۆی کێشە ئیدارییەکانی نەیتوانی بەشداری بکات.

لەساڵی ١٩٥٠دا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ پاریسو ساڵێك دوای ئەوەو ڕێك لە چواری ئاپریلی ساڵی ١٩٥١دا لە نێو ژووری نووستنەکەی خۆیو لەناو ماڵەکەی خۆیدا لە پاریس لەناسۆریو ماندوو بوونی ژیان ڕزگاری دەبێت.

ئەم بلیمەتە لەیەکەم هەنگاویدا لە پاریس هەستی بەگۆشەگیری کردوەو زۆربەی تەمەنی کورتی خۆی کە (٤٨) ساڵ بوو لە ماڵی باوکیدا بەسەر برد.

هیدایەت زۆربەی کاتی ژیانی بە تلیاك کێشان و شەراب نۆشینو خەوی مەسنوعی بەسەر بردووە، لە کوندەپەپووی کوێرو زیندەبەگۆڕدا بە تەواوی هەست بە دنیای تلیك کێشانو بێهۆشی هیدایەت دەکەیت بە تایبەتی چیرۆکی زیندەبەگۆڕ کە بەتەواوی وەسفی خۆکوشتنەکەی خۆی دەکاتو من لێرەدا بە خوێنەر دەڵێم ئەگەر دەتەوێت لە ژیانی ڕاستەقینەی سادق تێبگەیت ئەوا بڕۆ ئەو چیرۆکە بخوێنەوە، چونکە کاتێك پۆلیسی فەڕەنسی یەکەم وێنەی سادق دەگرن لە دوای خۆکوشتن دەبینن کابرایەکی شیكو پاكوخاوێن لەناو جێگەی نووستنەکەی مردووە ڕێك وەك ئەو وەسفەی کە لە زیندە بەگۆڕدایە کە تێیدا دەڵێت:–

*" جله پیسەکانم فڕێ دان هەتا دوای من کە شتەکانم دەپشکنن شتی چڵکن نەبیننەوە، ژێر جلی نوێ کە کڕیبوم دەبەرم کرد، هەتا وەختێك کە لە تەخت دەرم دەکێشن و دکتۆر دێ و موعایەنەم دەکا، شیك بم. شووشە ئۆدکۆڵۆنێکم هەڵگرت بە تەختەکەمدا کرد هەتا بۆن خۆش بێت".*

هیدایەت، لەپاریس لە گۆڕستانی (پێرلاشز) نێژراوە.

ئێستا ( جیهانگیری هیدایەت ) کە برازای ساقی هیدایەتە ساڵانە سەرپەرشتی ڤیستیڤاڵی ڕێزلێنانی سادقی هیدایەت دەکات.





## بەشی دووەم

### "شەرحی حاڵی هیدایەت بە قەڵەمی خۆی[١]"

مـن هـەر هێنـدە لـە شـەرحی حـاڵی خـۆم هەڵـدێم کـە لەبەرامبـەر پڕوپاگەنـدەی بڵاوکـراوە ئەمریکاییـە ئاسـاییەکاندایە. ئایـا زانینـی مێـژووی لـەدایك بـوونم بـە کـەڵکی کـێ دێـت ؟؟. ئەگـەر بۆدەرهێنـانی (زایینم)ە ئەوا ئەم بابەتە تەنها دەبێت بۆ سەرنجی خۆم بێت، هەرچەندە با لەئێوەی نەشارمەوە چەندین جار لەگەڵ ئەستێرەناسەکاندا راوێژم کردووە بەڵام پێشبینی ئەوان هیچ کات راست نەبوو، ئەگەر بۆ عیلاقەی خوێنەرانە پێویستە سەرەتا رووبکرێتە رای گشتی ئەوان. چونکە ئەگەر خـۆم دەسـت پێـشخەری بکـەم وەك ئـەوە وایـە کـە بـۆ بەشـگەلێکی ئەحمەقانەی ژیانم بەنرخ و بەهایەك قایل بووبێتم، جگە لەوەش زۆر لە بەشەکانی تر هەیە کە مرۆڤ هەردەم هەوڵ دەدات لە دەریچەی چاوی کەسانی دیکە خۆی هەڵبسەنگێنێ، لەم رووەوە موراجەعە بەڕای خودی ئەوان موناسیب ترە.

---

(١) لەشانزەی سێهەم مانگی پایز واتا (ئازەر)ی ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی بەرانبەر بە پایزی ١٩٤٥ی زایینی، هیدایەت لەسەر بانگهێشتی (خانەی کلتوری سۆڤیەت) بۆ ڤیستیڤاڵی بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی زانکۆی (تاشقەندی ئۆزبەکستان) ئامادە دەبێت و ئەم بایۆگرافیا کورتەی خۆی لەسەر داوای (خانەی کلتوری سۆڤیەت) دەنووسێت.

**بۆ نموونە پێوانی قەدو باڵام، ئەو بەرگدرووەی کەجلو بەرگەکەمی دووریوە باشتر دەیزانێت و پینەچی سەر رێگەکەم باشتر دەزانێت کە پێڵاوەکانم لەکام لاوە دەسوێت، ئەم روونکردنەوانە هەردەم بازاڕی چوارپێکانم بیردەخاتەوە کە (ماینە یابوویەکی پیر) بۆ فرۆشتن دادەنێن و بۆ راکێشانی سەرنجی مشتەری بەدەنگی بەرز بەشگەلێك لە تەمەن و خەسڵەت و عەیبەکانی باس دەکەن.**

**سەرەڕای ئەمە بایۆگرافیای من هیچ خاڵێکی بەرجەستەی لەخۆ نەگرتووە، نە رووداوێکی سەرنج راکێش تیای رووی داوە نە ناونیشانێکم هەبووەو نەدیبلۆمێکی گرنگم هەیەو نە لەقوتابخانە قوتابیەکی زیرەك بووم، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەردەم لەگەڵ شکست رووبەڕوو دەبوومەوە.**

**لەو فەرمانگایانەی کە کارم کردووە هەمیشە ئەندامێکی نادیارو گومناو بووم و بەڕێوەبەرەکانم دڵێکی پڕ لە خوێنیان دەربارەم هەبووە بەشێوەیەك کە هەرکاتێك ئیستیقالەم نووسیوە بە شادمانیەکی ناباوەڕانەوە قبوڵیان دەکرد[٢].**

**بەگشتی قەزاوەتی دەوروبەر دەربارەم ئەوەیە کە بوونەوەر و زادەیەکی بێ مەسرەفم، پێدەچێت حەقیقەتیش هەر لەمەدا بێت.**

**دەقی دەستنووسەکەی هیدایەت لەلایەن خاتوو (رۆزنفێڵد) کەرۆژهەڵاتناسەو یەکێکە لە وەرگێڕەکانی بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت بۆ روسی دەپارێزرێت و کۆپییەکی لەبەشی ئەرشیفی**

(٢) نزیکی دوو رستەو نیوی ئەم نووسراوە لەلایەن خودی هیدایەتەوە خەتی بەسەردا کێشراوە بەجۆرێك کە ناخوێندرێتەوە.





**(دەستنوسەکان و بەڵگەکان) لەلایەن (پرۆفیسۆر کۆمیسارۆڤ) ی نوسەری بەناوبانگی روسی و وەرگێڕی بەشێك لە بەرهەمەکانی هیدایەت بۆ روسی وێنەی لێ گیراوەتەوە.**

# بەشی سێهەم

**"نامەکانی سادق هیدایەت"**

هیدایەت نامەگەلێکی زۆری نەنوسیوە، بە بەراوردکردن لەگەڵ نووسەران و شاعیرانی وەك (جەمالزادەو نیماو ئالی ئەحمەد) نامە گەلێکی کەمی نووسیوە، هەرچەندە هەر بەم ڕێژەیە نامەی نووسیوە بەلاّم کاتێك کە دەربارەی بابەتێکی باوی ڕۆژ دەنوسێت نامەکان دیدگایەکی فراوان و جۆش و خرۆش و خەسڵەت و هەستێکی یەکجار زۆری ئەو پیشان ئەدەن.

هیدایەت هەروەك هاوڕێیانی و خۆیشی نووسیویانە کە کەمتر مەیلی خۆی بەنووسینی نامە پیشان ئەدا، مەگەر لەکاتی پێویست بوایە، ناوبراو نامەنوسین بەجۆرێك لە دەربڕینی ڕوخسار هەڵسون بۆ بونەوەرە چەنەبازو لە خۆبایی بووەکان دەزانێت لەنامەیەکیدا بۆ (ئەنجوی شیرازی)دا دەنووسێت:

*(ئەوەی کە بۆ هیچ کەس کاغەزم نەنوسیوە هۆکەی ئاشکرایە یەکەم هیچ تاقەتێکم بۆ ئەم یارییە نییە... هێندە بێ دەنگ دانیشتم پەیڤەکانم لەبیرچۆتەوەو لە بلاّوکردنەوەی دەربڕینی هەستەکان و ئیستلاحەکان ماندوو بووم).*

دیارە هیدایەت زۆربەی نامەکانی بۆ هاوڕێی دێرین و دڵسۆزی خۆی (حەسەنی شەهید نورایی) نووسیوە، هەروەکو (پەروێزی ناتلی





خانلەری و حەسەنی قائیمیان) نووسیویانە ئەم نامانە پەیوەندی بە پێنج ساڵی ئاخری ژیانی هیدایەتەوە هەبووە.

پێدەچێت جگە لە نامەکانی بۆ (شەهید نورایی) نامە گەلێکی تری هیدایەت هەبن بۆ ئەندامانی خێزانەکەی و یان نامە ئیداریەکانی هیدایەت زۆرن بەلاّم بە دەستی ئێمە ناگات.

ئەنجوی شیرازی دەربارەی دوایین نامەکانی سادق لە پاریس بە چەند نامەیەکی کورت و موختەسەر ئاماژە دەکات کە هیدایەت بۆ ئەوی نووسیوە بەلاّم وونی کردووە، هەروەها جەمالزادە بەنامەیەکی بلاّونەکراوە لە هیدایەت ئاماژە دەکات کە تیایدا سادق دەربارەی کتێبی (هێڵنج) ( الغثیان )ی (ژان پۆڵ سارتەر) رای خۆی نووسیوە، وابەدەر دەکەوێت کە جەمالزادە ئەو کتێبەی (La Nausee) لە جنێفەوە بۆ هیدایەت ناردبێت.

بە ڕیوایەت لە (مەسعودی فەرزاد) یش گوتویانە کە هیدایەت ژمارەیەك نامەی بۆ ژنێك (کە گوایە خۆشی دەویست) نوسیبوو، کە کچی ئەو ژنە ئێستا (مەبەست لەسەردەمی ئەم ریوایەتەیە) لە شیراز دەژی.

بەداخەوە لەسەرجەم ئەو سەرچاوەو نووسراوانەی کە تا ئێستا دەربارەی بەرهەمەکانی هیدایەت کراون (وەك نامە بلاّوکراوەکانی) زنجیرەیەکی وردو تەواوی نامەکانی هیدایەت تەنانەت بلاّوکراوەکانیشی نایەتە بەرچاو، لە کتێبی (سادقی هیدایەت) کە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی پەیوەندداره بە نامەکانی هیدایەتەوە، کەم و کوڕییەکی زۆری تێدایە، کە پێدەچێت هۆی ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕێکخەرو کۆکەرەوەی کتێبەکە نەیتوانیبێت ئەو نامانەی

لای خاوەن نامەکانو ئەو سەرچاوانەی کە نامەکانیان لایە بەدەست بهێنێت.

دیارە درك بەم بابەتە دەکرێت کە بەدەست هێنانی دەقی سەرەکی هەموو نامەکانی نووسەرێك (ئەویش نووسەرێك لە چەشنی هیدایەت) ئەگەر بە تەواوی ئیمکانی نەبێت بەراستی زۆر دژوارەو نیازی بەتێپەڕبوونی زەمەن هەیە، چونکە زانیارییەك لە بوونی نامەیەك لەلامان نەبێتو موخاتیب یان خاوەن نامە بەهەر هۆیەك بێت حەز بەبڵاوکردنەوەی نامەکە نەکات لەڕاستیدا ئەو نامەیە بوونی نییە.

کەم نین نامەکانی هیدایەت کە بەگوێرەی مەسڵەحەتی جۆراوجۆر جار بە جارێك بە ئەنگیزەی بێ شوماری زۆر تایبەتو جار بە جاریش بۆ تێبینیە گشتیەکان بڵاو بوونەتەوە، یان بەشێوەیەکی نوقسان بڵاوبوونەتەوە.





## نامەکان:

١- نامەکانی هیدایەت بۆ اعتضاد الملك.

٢- نامەکانی هیدایەت بۆ زیور الملك.

٣- نامەکانی هیدایەت بۆ عیسای هیدایەت.

٤- نامەکانی هیدایەت بۆ مەحمودی هیدایەت.

٥- نامەکانی هیدایەت بۆ مەحبوبی عظیمی.

٦- نامەکانی هیدایەت بۆ تقی رضوی.

٧- نامەکانی هیدایەت بۆ مجتبی مینوی.

٨- نامەکانی هیدایەت بۆ یان ریپکا.

٩- نامەکانی هیدایەت بۆ حەسەنی شەهید نورایی.

١٠- نامەکانی هیدایەت بۆ فەرەیدونی تەوەلی.

١١- نامەکانی هیدایەت بۆ عەبدولحسێنی نۆشین.

١٢- نامەکانی هیدایەت بۆ محمد علی جەمالزادە.

١٣- نامەکانی هیدایەت بۆ مستەفا فەرزانە.

١٤- نامەکانی هیدایەت بۆ ئەنجوی شیرازی.

١٥-نامە ئیدارییەکانی هیدایەت.

## بەشی چوارەم

**"بەرهەمەکانی هیدایەت لەگەڵ ناسنامەیەکی کورت"**

پێش قسەکردن لەسەر بەرهەمەکانی هیدایەت پێم خۆش بوو کە ئەم پێناسە کورتەی هۆما خاتووزین دابنێم کە دەربارەی هیدایەت‌و شوناسی بنەماڵەی هیدایەت نوسیویەتی:-

ناو: سادقی هیدایەت

شوێن‌و کاتی لەدایک بوون: تاران، ئێران لە ١٩٠٣/٢/١٧

ناوی باوک: هیدایەت قولی خان هیدایەت (ناوی وەرگیراو: اعتضاد الملك)

ناوی دایك: زیور الملك

براکانی: مەحمودی هیدایەت‌و عیسای هیدایەت

خوشکەکانی: ئەختەر الملك‌و ئەشرەف الملك‌و انوار الملك

ساڵی ١٩٢٨: ساڵی یەکەمین هەوڵی هیدایەت بۆ خۆکوشتن ئەویش بە خۆخستنە نێو رووباری (Marne) بەڵام بەهۆی بەلەمەوانێکەوە رزگاری بوو.


ساڵی ١٩٥١: بەغاز لە پاریس لە ژووری نووستنەکەی خۆیدا لە ١٩٥١/٤/٨ خۆی ژەهراوی کردو خنکا (دواهەمین هەوڵی خۆکوشتن بوو).





هۆما لەم ووتارەی دا هەوڵ ئەدات دەربارەی ژیانی سیاسی بنەماڵەی هیدایەت‌و بازنەی ئەدەبی هیدایەت قسە بکات لەگەڵ راڤەکردنی بەیونیڤێرساڵ بوونی ئەم نووسەرە گەورەیە.

## نەسەب نامەی بنەماڵی هیدایەت








## بەرهەمەکانی هیدایەت

** لە بواری چیرۆک‌و رۆمان دا:*

١- زیندەبەگۆڕ (١٩٣٠) (کۆکراوەی هەشت کورتە چیرۆك لە ژێر ئەو ناوەدا، پاشان ئەمەش یەکێکە لەو هەشت چیرۆکە).

٢- سایەی مەغۆل (١٩٣١).

٣- سێ دڵۆپ خوێن (١٩٣٢).

٤- سایەی رۆشن (١٩٣٣).

٥- ئەلاڤیا خانم (١٩٣٣).

٦- واغ واغ ساهاب (١٩٣٣).

٧- کوندە پەپووی کوێر (١٩٣٧).

٨- سەگی وێڵ (١٩٤٢).

٩- وێڵگەری (١٩٤٥).

١٠- حاجی ئاغا (١٩٤٥).

١١- بەیانی (١٩٤٦).

١٢- تۆپی مرواری (١٩٤٧).

*** لە بواری دراماو شانۆنامەدا: سالانی (١٩٣٠-١٩٤٦)**

١- پەروین کچی ساسان.

٢- مازیار

٣- ئەفسانەی خەلق بوون.

*** لە بواری دیراسات و رەخنەو چەند بابەتێکی جۆرو بەجۆردا:**

١- روباعیاتی حەکیم عمر خەیام (١٩٢٣).

٢- مرۆڤ و ئاژەڵ (١٩٢٤).

٣- مەرگ (١٩٢٧).

٤- سوودەکانی گیازانی (رووەك زانی).

٥- چیرۆك و ئەخلاق (١٩٣٢) (لە هەندێك شوێندا بەناوی چیرۆکی بێ ئەنجام بلاوبۆتەوە).

٦- ئاوازەکانی خەیام (١٩٣٤).

٧- چایکۆڤسکی (١٩٤٠).

٨- دەربارەی فەرهەنگی ئەسەدی فارسی (١٩٤٠).

٩-میتۆدی نوێی تەحقیقی ئەدەبی (١٩٤٠).

١٠- داستانی ناز (١٩٤١).

١١- چاوخشاندنێك بە فیلمی مەلا نەسرەدین دا (١٩٤٤).

١٢- رەخنەی ئەدەبی لەسەر وەرگێڕانە فارسیەکەی (حکومەتە پشکنەرەکە) ی گۆگۆل (١٩٤٤).

١٣-چەند تێبینیەك لەسەر ڤیس و رامین (١٩٤٥).

١٤-پەیامی کافکا (١٩٤٨).

١٥-سپاردەی ئیسلامی لەو وڵاتە ئەوروپیەکاندا (مێژووەکەی دیار نیە).





*** لە بواری سەفەرنامەدا:**

١- ئەسفەهان نیوەی جیهان.

٢- لەسەر شەقامە تەڕەکە (لەساڵی ١٩٣٥دا نووسراوە بەڵام بڵاونەکراوەتەوە).

## بەشی پێنجەم

### "تریاك كێشانو دنیای بێهۆشی و ئارەزووی خۆكوشتن"

*" سەری شەوێ كە لەسەر مقەڵی تریاك هەستام، لە دەربیچەوە ڕوانیمە دەرێ، دارێكی ڕەشو دەرگای دوكانی گۆشتفرۆش كە گاڵە درابوو، دیار بوو– سێبەرە تاریكەكان، تێكەڵ یەك ببوون. هەستم دەكرد كە هەموو شت پووچو كاتییە. ئاسمانی ڕەشو قیراوی وەك كۆنە دەوارێكی شڕ بوو كە بە ئەستێرە گەلێكی بێ ژمار دابێژ دابێژ كرابێت".*

*( سادقی هیدایەت – كوندە پەپووی كوێر).*

*" من هەمیشە گاڵتەم بە ژیان هاتووە، دونیا، خەڵك، هەموویانم لەبەرچاو وەك لەیستۆكێك، نەنگێك، شتێكی پووچو بێمانایە، دەمویست بخەومو ئیدی هەڵنەستمەوەو خەونیش نەبینم، بەڵام چونكە لەلای هەموو كەس خۆكوژیی كارێكی سەیرو سەمەرەیە دەمویست خۆم زۆر پیس نەخۆش بكەم، مردەلۆخەو بێهێز بمو دوای ئەوە كە چاوو گوێی هەموویان پڕ بوو تریاك بخۆم هەتا بڵێن: نەخۆش كەوتو مرد".*

*( سادقی هیدایەت– زیندە بەگۆڕ ).*





سادق وەك زۆرێك لە گەورە نووسەرانو شاعیرانی وولاتی فارس خوگرتنێكی تەواوی هەبووە بە تریاكو ماددەی بێهۆشكەرەوەو لە زۆربەی چیرۆكو نووسینەكانیدا ئەم بێهۆشیەی هیدایەت بەتەواوی رەنگی داوەتەوە بەتایبەتی (كوندەپەپووی كوێرو زیندەبەگۆڕ) ریوایەتێك هەیە لە سەر بێهۆش بوونی بەردەوامی هیدایەت لەكاتی نووسین كە دەڵێت:

"جارێكیان هاوڕێیەكی هیدایەت سەردانی نووسەر دەكات لە ماڵی باوكیو دەبینێت بە تەنها لەماڵەوە دانیشتووەو دەنووسێتو لەكاتی نووسینەكەیدا هەموو سەرە سەعاتێك مشتێك تۆزی سپی لەڕێی لوتیەوە هەڵدەمژێتو ئارامیەكی تەواوی پێوە دەردەكەوێت میوانەكەش بێ ئەوەی ئاگاداری تریاكو كۆكاینو حەشیشە بێت" دەڵێت: :ئەو تۆزە سپییە چیە هەڵی دەمژیت؟؟"

سادق لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوە دەرمانێكە بۆ بێداركردنەوەمو بەهەڵمژینی هەست بە ئارامیەكی زۆر دەكەم لە هەموو سەرە سەعاتێكدا، میوانەكەش دەڵێت دەتوانم تاقی بكەمەوە؟؟ سادق چونكە لە پرسیاری میوانەكەی بێزار دەبێتو دەیەوێت بێدەنگی بكات، دەڵێت: بۆنا ؟؟ كاتێك ئەو بڕە تۆزە سپییە لەلایەن میوانەكەی هیدایەتەوە هەڵدەمژرێت، سادق دەبینێت كە میوانەكەی بۆ ماوەی یەك شەو رۆژ واتە (٢٤) سەعاتی رێك خەوی لێ دەكەوێت، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كەسادق چەندە كەسێكی موعتادو خووگرتوو بووە بە مادەی بێهۆشكەرو ئەوبڕە تریاكە چەند زۆر بووە كە هەموو سەرەسەعاتێك هەڵی مژیوە.

بەپێی ئەو ژینگەو ئەتمۆسفیرەی کە سادقی تێدا بووە کە هەمیشە تەقسێکی حەزین و فەزایەکی ڕەش بەسەر نوسینەکانیدا دیارە هەر لەسەرەتاوە دەبوو سادق تریاك کێش بووایە، چونکە ئاسانی دەست کەوتنی تریاك و خەیاڵی فراوانی نووسەر خۆی هەمیشە پەلکێشی دەکرد بۆ نێو جیهانی بەد مەستی و بێهۆشی.

ئاخر هیدایەت نەیدەتوانی بەردەوام بیر لە خۆکوشتن نەکاتەوە! لەبەر ئەوە بۆ رزگار بوونی لەو بیرکردنەوە جەنجاڵانەو بۆ ئەوەی سکون ببەخشێت بەهزری و بۆ تەسکینی قەلبی خۆی پێویست بوو بەردەوام بڕێکی باش لە تریاك و ماددەی بێهۆشکەر بەکاربهێنێت، ئەگەرچی لەدوای هەر بێهۆشبوونێکی هیدایەت هەمیشە تەنگەنەفەس بوونێك هەبووە، بەڵام سادق پێی خۆش بووە کە دەست بەرداری دنیای بێهۆش بوون و خووگرتن و موبتەلابوون نەهێنێت.

لەهەردوو چیرۆکی زیندەبەگۆڕو کوندەپەپووی کوێردا زۆر بە ئاشکرا مەیلی سادق بۆ بێهۆش بوون و تریاك کێشان و تەنگەنەفەسی دەردەکەوێت، باشە من بەس بەئێوە دەڵێم: نووسەرێکی گەورەی وەك هیدایەت کە لە تەمەنی "٢٥" ساڵیدا یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی داوەو خۆی خستۆتە نێو روباری "مارنی"یەوە دەبێت چ ئومێدێکی بەرانبەر بەژیان هەبووبێت؟؟ بیرمان نەچێت یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی هیدایەت پێش نووسینی شاکارە گەورەکانی بووە، مەبەستم ئەوەیە کە ئێمەی خوێنەر پێش ئەوەی بچینە نێو چیرۆك و نوسینە بێهودەیی و نائومێدیەکانی وەك (کوندەپەپووی کوێر، زیندەبەگۆڕ، سێ دڵۆپ خوێن، تاریکخانە، ، مەرگ، سەگی وێڵ، ...تاد) پێویستە لەسەرمان کە گەمژە نەبین و ئاگاداری ژیانە تاریکەکەی سادق بین لەڕێی خوێندنەوەی





بایۆگرافیای ئەم کابرا مەزنەی کە تائێستاش گەلانی ئێران شانازی پێوە دەکەن و کەسێکی وەکو (هێنری میللەر)ی گەورە نووسەر دەڵێت:

" *ئێمە بۆ ئەوەی لە ژیان تێ بگەین دەبێت سادقی هیدایەت بخوێنینەوە*".

هیدایەت وەك مرۆڤەکانی تر هەوڵی نەداوە ترسی هەبێت بەرامبەر بە مەرگ بەڵکو ترسی ئەو سەبارەت بە ژیانە لاسارەکەی خۆی بووە، هەروەکو چۆن لە زیندەبەگۆڕدا باسی دەکات و دەڵێت:

*" خەڵکی لە مەرگ دەترسن و من لە ژیانی لاساری خۆم"*.

پێم وایە کە هیدایەت هەر لە سەرەتاوە دەبوو کەسێکی موعتاد و بەدمەست و بێهۆش بووایە چونکە بیرکردنەوەیەکی جەنجاڵی لەو جۆرەی بیرکردنەوەکانی هیدایەت پێویستی بە تریاك و شەرابێکی زۆرە، ئەو بۆخۆی هەمیشە خۆی بەگۆشەگیر زانیوەو بەشێکی زۆری تەمەنی گەنجی لەماڵی باوکی بردۆتە سەر هەر لەبەر ئەوەیە کاتێك بۆ یەکەمجار پێ دەخاتە خاکی بەلجیکاو فەڕەنسا دەڵێت:

*"من هەر لەسەرەتاوە دڵخۆش نەبووم"*.

هیدایەت لە بەشێکی زۆری ئەو وێنانەدا کە لە پاریس و بەلجیکاو بەشێکی تری شارو وولاتانی ئەوروپادا گرتوویەتی هەمیشە بە تەنها بووە، بەداخەوە ترسناکترین وێنەی هیدایەت ئەو وێنەیە بوو کە لەدوای خۆکوشتنەکەی دەزگا ئەمنییەکانی فەرەنسا گرتیان، لەم وێنەیەدا سادق بە قاتێکی رەش و کراسێکی سپییەوە لەناو جێگەی نوستنەکەیدا کەوتووەو دەمو چاوی کەمێك ئاوساوەو لوتی پژاوە بەهۆی کاریگەری کردنەوەی بەلۆعەی غازی ژوورەکەی، چونکە هیدایەت بڕیاری دابوو بەو جۆرە خۆی بکوژێت، پێش خۆکوشتنەکەی هەرچی دەرگاو پەنجەرە

هەیە دایدەخاتو بەلۆعەی غازەکانی مەتبەخو حەمامەکەی دەکاتەوەو بەهێمنی لەسەر تەختی نووستنەکەی دەکەوێتو پاش ماوەیەك لە گێژخواردن دەمو چاوی دەئاوسێتو لوتی دەپژێتو غازاوی دەبێت، مەخابن گیان لەدەست دەدات، بیرمان نەچێت زۆر بە پاكو خاوێنی خۆی دەکوژێت.

ئەگەر بە وردی زیندەبەگۆڕ بخوێنیتەوە، بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا ئەو بانگەشەیەی هیدایەت بەرانبەر بە خودکوژیی بەدی دەکەیت، تۆ بزانە چەند بە تامو چێژەوە لەو چیرۆکەدا باس لە خۆکوشتن دەکات کە من بۆ خۆم چێژێکی زۆری لێ دەبینم:

*"چەندە بە سامە کاتێك کە مەرگ مرۆڤی ناوێتو پاڵی پێوە دەنێت! تەنها یەك شت دڵم دەداتەوە، دوو هەفتە لەمەوبەر بوو، لە رۆژنامەدا خوێندمەوە کە لە ئۆتریش کەسێك سێزدە جار بە شێوەی جۆراوجۆر تەمای گرتووە خۆی بکوژێتو تەواوی رێگاکانی بە تاقی کردۆتەوە: خۆی لە دار داوە پساوە، خۆی بە چۆم داداوە لە ئاو دەریانکێشاوەتەوەو..... بەلام لە ئاکام کە ماڵی چۆڵ بووە بە کێردی ئاشپەزخانە هەموو رەگو دەماری خۆی بڕیوەو ئەمجارەی سێزدەهەم دەمرێت! ئەمە دڵم دەداتەوە".*

هەر لەو چیرۆکەدا پاڵەوانەکە دەڵێت تازە تەواو من (نەمر)م ، ئینجا دەڵێت (نەمری) ئەو شتە قۆڕەی کە مرۆڤە گەمژەکان هەولی بۆ دەدەنو بەدەستی ناهێنن من بەبێ هەولدان بەدەستم هێناوە وەك ئاماژەیەك بەوەی کە هەوڵدانەکانی بۆ خۆکوشتن بووە نەك نەمری، تا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەرگای ژوورەکەی دادەخات بۆ ئەوەی هاورێکانی بێزاری نەکەنو چێژ لە خۆکوشتنەکەی وەرگرێت، ئەوەبوو لەدوا هەولی





پاڵەوانی چیرۆکەکەدا نووسەر دەیەوێت ئەو کاراکتەرە بە عەزابەوە بکوژێت پاش ئەوەی پاڵەوانەکە برێکی زۆر لە تریاك دەکێشێتو ژەهر دەخواتو خۆی دەخاتە بەر سەرماو ئاوی سارد بە خۆیدا دەکاتو سیانووری دۆ پۆتاسیۆم دەخوات کە کوشندەترین جۆری ژەهرە، مردنێکی لەسەرخۆو بێ ئازار دەمرێتو هەناسە هەڵکێشانی بیردەچێتەوە، بەلام پێش مردنەکەی دەڵێت هیچ کام لەم شتانە من ناکوژن لە زاری خۆیەوە ببیستە چ دەڵێت:

*" ئیدی هیچ شتێك کارم تێناکا، سیانوورم خوارد کاری تێنەکردم، تریاکم خوارد دیسان زیندووم! ئەگەر ئەژدیهاش پێوەمدا، ئەژدیها دەمرێت.... وەبیرمە بیستوومە کاتێك لە دەوری دووپشك ئاگر بکەنەوە بە خۆیەوە دەدا – ئایا لە دەوری من ئەڵقەیەکی ئاگرین نیە؟".*

لە نووسینەکانی هیدایەتدا ووشەگەلێکی ترسناك بەردەوام ئامادەگییان هەیە کە ترسو دڵەلەرزەیەکی زۆر دەخەنە هزرو ئەندێشەی مرۆڤەوە وەکو ( مەرگ، خۆکوشتن، خوێن، ژەهر، تریاك، شەرابی میراتی، تاریکخانە، بایەقوش، مردەلۆخە، خەوی مەسنوعی، تەنهایی ...تاد).

تا ئێستا هیچ نووسەرێك وەك سادق راستگۆو سادق نەبووە بەرانبەر بە نووسینەکانی، دیارە خۆکوشتنەکەی گەورەترین بەڵگەیە بۆ راستگۆبوونی بەرانبەر بەو شتانەی کە نوسیویەتی، ژیانی تاریکی ئەم پیاوە مەزنە هەمیشە ئارەزووی خۆکوشتن لە مندا دەوروژێنێتو بیرێکی شێتانە لە هەناومدا گێنگڵ پێدەدات.

ئارەزووی هیدایەت بۆ ژیانێکی تاریكوتەنها  زۆر بەئاشکرا لە چیرۆکی ( تاریکخانە) دا بەدی دەکرێت، بە جۆرێك خوێنەر توشی رشانەوەو هێلنج دەبێت، تەماشا بکە چی دەڵێت:

*"دەمویست وەك گیاندارانی زستانی بچمە نێو کونێکەوە، لە تاریکی خۆمدا نقوم بمو لەخۆمدا پێبگەم. چونکە هەر ئەو جۆرەی کە لە تاریکخانەدا وێنا دەردەکەوێت، ئەو شتانەی کە لە مرۆڤدا ناسكو شاراوەیەو لەبەر هەڵات هەڵاتی ژیانو هاتو هەراو روناکی دەخنکێنو دەمرن، تەنیا لە تاریکیو بێدەنگیدایە کە لە مرۆڤدا سەر هەڵدەدەن".*

ئەم بیرۆکە شێت ئاسایانەی هیدایەت کە لە نێو چیرۆکەکانیدا بەدەر دەکەوێت، وێنەیەکی ڕاستەقینەی خۆیەتی، لەگەڵ خوێندنەوەی بەشێکی زۆری چیرۆكو نوسینەکانی خوێنەر هەست بە شۆکێك دەکات کە پێشتر ئەو سەدمەیە لە نێو ئەودا نەخولقاوە، لە چیرۆکی ( سێ دڵۆپ خوێن ) دا بە تەواوی هەست بەو جیهانە شێت ئاسایەی دەکەیت بە تایبەت لە وەسفی ئەو دوو شێتەدا کە لە حەوشەی شێتخانەکەدا یەکێکیان یاری بە ریخۆڵەی دەکاتو ئەوی دی بە نینۆك چاوی خۆی دەتەقێنێت، تەواوی گێڕانەوەکە بەمجۆرەیە:

*" دوو مانگ لەمەوبەر شێتێکیان لە زیندانی خوارەوەی حەوش هاویشتبوو، بە هەڵماتی شکاو زگی خۆی دڕیبوو، ریخۆڵەکانی دەرکێشابوو و یاری پێدەکردن. دەڵێن قەساب بووە، عادەتی بە زگ دڕین هەبووە. بەڵام ئەوی دیکە کە بە نینۆك چاوی خۆی تەقاندبوو، دەستیان لە پشتەوە بەستبۆوە، هاواری دەکردو خوێن لە چاوەکانیدا وشك ببوون".*





بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە هێڵنج دانو رشانەوە نەکات پێم باشە لێرەدا کۆتایی بەدنیای بێهۆشیو تریاك کێشانو ئارەزووی خۆکوشتن و فەزای شێتیی هیدایەت بهێنم، ئەگەر چی خۆم چێژێکی زۆر لەو نووسینانە دەبینمو ژیانی هیدایەتم کردووە بە قوتابخانەیەك بۆ خۆمو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بە جێهێشتووم.

# بەشی شەشەم

**– کاریگەری هەندێکی نووسەر لەسەر سادقی هیدایەت.**

**– ئەو نووسەرانەی کە دنیایەکی تاریك و تێکشاویان هەبووە.**

هیدایەت وردە وردە هەموو تەمەنی خۆی تەرخان دەکات بۆ خوێندنی ئەدەبیات و گەڕان بەدوای مێژووی دێرینی ئێران و فۆلکلۆرو کەلچەری وولاتی فارس، بەڵام لەڕێی خوێندنەوەی هیدایەت بۆ ئەدەبیاتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو هەر زوو دەچێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك نووسەرو شاعیری گەورە کە هەموویان کەم تا زۆر بێهودەیی و نائومێدیەك باڵی کێشاوە بەسەر نووسینەکانیانەوەو غموزیەتێکی زۆر لە نووسینەکانیاندا بەدەر دەکەوێت و تەقسێکی ڕەش فەزای نوسینەکانی ئەوانی گرتووە.

ئەو نووسەرانەی کە کاریگەریان لەسەر هیدایەت هەبووە ئەمانەن:

١– **فرانتزکافکا**: (دەتوانین بڵێین هیدایەت کۆپی کراوی کافکایە بەدیوە فارسیەکەیدا، چونکە ڕۆمانی " مەسخ "ی کافکا جارێکی تر هیدایەت پەلکێش دەکاتەوە بۆ تاریکخانەیەکی سەرمەدی).

٢– **ئێدگار ئالان پۆ**: (بەهۆی ژیانە پڕ لە بێهۆشییەکەی ئێدگارو بەهۆی تەمەنی کورتی ئێدگارەوە کە تەنها چڵ ساڵ بوو، کە ئەویش





بەهۆی مەشروب و ماددەی بێهۆشکەرەوە گیانی لەدەستدا، هیدایەت هەر زۆر زوو کەوتە ژێر کاریگەری ئەو نووسەرە بلیمەتەو قەسیدەی "قەلەڕەش"ی ئێدگار ئالان پۆ کاریگەری تەواو لەسەر سادق بەجێ دەهێڵێت).

٣– **ئەنتۆن چیخۆف**: (تراژیدیایەکی زۆر لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێت، هیدایەت ئەو تراژیدیایە نەقڵ دەکات بۆ نائومێدی یەکی بەردەوام).

٤– **گی دی مۆپاسان**: (لە فەڕەنساو بەزمانی فەڕەنسی زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە دەخوێنێتەوەو بە ئاشکرا سەرسام بوونی خۆی بەرانبەر بە مۆپاسان ئیعلان دەکات).

٥– **ڕێنیە ماریا ڕێلکە**: (زۆربەی قەسیدەکانی ئەم شاعیرە گەورەیە دەبن بە هەوێنی هەندێك نووسینی هیدایەت).

دەتوانین بڵێین لەناو هەموو ئەم نووسەرانەدا (کافکا) لە هەموویان زیاتر کاریگەری لەسەر هیدایەت بەجێ دەهێڵێت و سادق بۆخۆی خوێندنەوەیەکی زۆری کردووە بۆ بەرهەم و نووسینەکانی کافکاو قودسیەتێکی زۆری بەخشیوە بەنووسینەکانی.
تۆ بزانە لە نووسینێکیدا بۆ کافکا بەناوی (پەیامی کافکا)ەوە چی دەڵێت:

*"ئەو کەسانەی کەتێڵای بێ دینی بۆ کافکا بەرزدەکەنەوە چەند ئارایشتکەرێکی لەش مردوون کەسوراوو سپیاو لەڕوخساری بێ گیانی بتی گەورەی سەدەی بیستەم هەڵدەسوون".*

یان دەڵێت:

*"بەرهەمەکانی کافکا هی پێش‌و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ن لەو زەمانەدا پراگ شارێك بووە کە خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا تیایدا نفوزیان هەبووەو لەو شارەدا رەگەزی جۆراو جۆر تێکەڵ بەیەك ببوون، تەنها پراگ دەیتوانی کەسێکی وەك کافکا پەروەردە بکات".*

دەبینین بەشێکی زۆر کاراکتەرەکانی کافکا قالۆنچەو ئاژەڵ بوون، ئەم کاراکتەرانە بە تەواوی لای سادق کاریگەری بەجێ دەهێڵن‌و هەربۆیە لەیەکێك لە چیرۆکەکانی سادقدا بەناوی (سەگی وێڵ) دەبینین پاڵەوانی چیرۆکەکە سەگێکە بەناوی (پات).

من دڵنیام ئەگەر هیدایەت خۆی نەکوشتایە وەکو کافکا خۆی تووشی سیل دەکرد بۆ ئەوەی هەمان بایۆگرافیای کافکا بەدەر لە نووسینەکانی کۆپی بکاتە ناو ژیانی خۆیەوە، بەم جۆرە دەبینین دوو مرۆڤی گەورە لەدوو کلتووری گەورەو جیاوازدا خەڵق بوون بەڵام وەك ئەوە وایە کە نووسینێك کاربۆنی بخەیتە ژێرو دوو نووسخەی وەك یەکی لێ بگریتەوە.





## بەشی هەشتەم

### "تێوەگلان‌و گیرخواردن لەناو تۆڕێ عەنکەبوت دا"

م.ف. فەرزەنی، کە یەکێك بووە لە هاوڕێکانی هیدایەت‌و نزیك ترین کەسی بووە لەدواساڵەکانی تەمەنی هیدایەتدا لە پاریس‌و لە وتارێکی بەناوی " لەناو تۆڕی عەنکەبوتدا " بە وردی کۆتاییەکانی تەمەنی سادق دەگێڕێتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم لەسەر بەشێك لە تەنگژە فیکرییەکانی هیدایەت بدوێم لەگەڵ هەندێك پۆینتی گرنگی نێو وتارەکەی فەرزەنی.

ئاشکرایە کە هیدایەت لەدوای سالانی جەنگی جیهانی دووەم ناوبانگ پەیدا دەکات "ئەگەر چی پێش ئەو مێژووەش ناوبانگی هەبووە بەڵام لە دوای ئەو سەردەمەوە بە تەواوی دەبێتە نوسەرێکی یونیڤێرساڵ و لەناو فەرەنسادا بەشێوەیەکی خێرا ناوو ناوبانگی

بڵاودەبێتەوەو هەر لە پاریس کۆمەڵێك بەرهەمی جوان و ناوازە دەنووسێت و دەست دەکات بەوەرگێڕانی رۆمانی (مەسخ)ی کافکاو چەند ئیشێکی جدی تر، دەبینن لە هەریەك لە ئیشەکانی هیدایەتدا (بە وەرگێڕان و نووسینی خۆیەوە) کارەکتەری خۆی بە تەواوی دەنگ و رەنگی داوەتەوە هەروەکو چۆن لە کافکاشدا وابووە، ئەمە ئەو قسەیەی کافکا وەبیر من دێنێتەوە کە دەڵێت:

" *من لەناو چیرۆکەکانی خۆمدا دیارم ئەگەر دەمو چاوی خۆشم برنم*" .

دەبینین هیدایەت زۆر بە تەواوی هەست دەکات کە ئەو زیاتر لە ڕووی کارەکتەری خۆیەوە بەناوبانگ بووە وەك لەبەرهەمەکانی، چونکە قسەکردنی بەردەوام لەسەر خۆکوشتن دەبێتە ئیشێکی رۆژانەی هیدایەت.

وەك هەندێك لە هاوڕێکانی دەگێڕنەوە، کە هیدایەت لەتاران هەستی بەتەنهایی و گۆشەگیری نەکردووە، بەڵام ئەمە شێتکی راست نیە چونکە هەروەکو فەرزەنی ئیشارەتی پێ دەدات  کە هیدایەت هەمیشە پێی گوتووە بەردەوام تەنهایی لە خەسڵەت و ئاکارو ناخیدا وجودی هەبووە، لێرەدا پێم خۆشە ئەوەبەیان بکەم کە مەنفای هیدایەت ماوەیەکی زۆری نەخایاندووە بە پێچەوانەی زۆرێك لە نووسەرانی دی چونکە هیدایەت بەردەوام لە ئاڵ و گۆڕکردنی شوێنەکاندا بووە، بەتایبەت لە نێوان تاران و پاریسدا میزاجیەتێکی تەواوی ئەم نووسەرە بەدی دەکەین.

دووساڵ یان سێ ساڵ دوای مەرگی سادق، فەرزەنی خەریکی نووسینی (چار دەرد) بووەو ئاواتی خواستوە کە هیدایەت ئەو بابەتەی بخوێندایەوەو دەڵێت پاش نەمانی هیدایەت لە ژیاندا هەستم بە





خەمۆکیەکی گەورەو بێزاریەکی زۆر کردووەو تەواو هەستم بە بێ بونی ئەو کردووە.

پاشان دەڵێت:-

هیدایەت خۆ پەرست بووە بەرامبەر بە خۆکوشتنەکەی و وەك وەزیفەیەکی سەرشانی دەبوو ئەو ئەرکەی جێ بەجێ بکردایە، بەڵام نەدەبوو ئەوها بەزویی ئەو کارەی بکردایە چونکە ئێمە کۆمەڵێك نووسەر بووین لەچواردەوری هیدایەت و هەمیشە پێویستیمان بە حزوری ئەو هەبووەو دەبوو ئەو نوسەرە گەورەیە ئەم نەوە نوێیەی بدیبا کە چەند تینوی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی پێشکەوتوو و هونەری ئازادن، بەڵام پاش مەرگی ئەو،  ئێمە هەموومان وەك منداڵێکی هەتیوی کۆست کەوتوومان لێهات، چونکە سادق هەمیشە پێی لەسەر ئەو مەبدەئەی خۆی دادەگرت کە ئیختیاری کردبوو.

هیدایەت لەڕێی نووسینەکانیەوە کاریگەرییەکی تاڕادەیەك نێگەتیڤی هەبووە لەسەر هاوڕێ نزیکەکانی بەپلەی یەك و پاشان خوێنەرانی، چونکە لەنێو ئەو نووسینانەدا بەردەوام ترس و دڵەڕاوکێ و هەست کردن بەبێ مانایی ژیان بەدیار دەکەوێت، لەبەشێکی زۆری چیرۆکەکانی ئەو نووسەرە گەورەیەدا بابەتگەلێکی وەك خۆکوشتن و خوێن و بێهۆش بوون و تریاك کێشان و ترس لە ژیان ئامادەگییان هەیە.

کەم کەس هەبوو کە تەسەوری ئەوە بکات رۆژێك لە رۆژان سادقی هیدایەت رووداوی ناو نووسینەکانی نەقڵ بکات بۆ سەر ئەرزی واقیع و بە تەواوی تەسلیمی ژیانی راستەقینەی کارەکتەرەکانی ببێت و بڕیاری

خۆکوشتن بدات، هەرچەندە بێجگە لە نووسینەکانی خۆی بەردەوام لەکاتی گفتوگۆدا لەگەڵ نووسەرانی دەربارو هاوڕێ نزیکەکانی قسەیەکی دووروردرێژی لەسەر خۆکوشتن کردووەو زۆرجار بۆ دوورخستنەوەی ئەو بیرە ژەنگاوییەی نێو هزری پەنای بردۆتە بەر تریاك كێشان و شەراب نۆشین، مەگەر تەنها هاوەڵە نزیکەکانی لەدنیای رەشی هیدایەت تێگەیشتبن، ئەگەرچی زۆربەیان تەسەوری خۆکوشتنەکەیان نەکردووە.

وەك فەرزەنی باسی لێوەدەکات و دەڵێت: خۆکوشتنەکەی هیدایەت بەهیچ جۆرێك ناخرێتە ریزی سەرکەوتنەوە، چونکە ئەوخۆکوشتنە لەسەرەتادا چارەنووسێکی هەڵبژێردراوی خودی خۆی نەبووە، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری ئەو نووسەرو خوێنەرانەی کەسەرسام بوون بەکارەکانی تەنها وەکو پاڵەوانێکی نائومێد تەماشای ئەویان دەکردو هەرگیز بە بیرو ئەندێشەیاندا نەهاتووە کە بڵێن هیدایەت هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانی، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی خوێنەرانی خۆی بڕیارێکی کت و پڕو ترسناك دەدات و هەمووان توشی سەرسوڕمان و شۆك دەکات.

تا ئێستاش لای نووسەران دیار نییە کە ئایا هیدایەت بۆ ئەوە خۆی کوشتووە کە ببێت بە پاڵەوانێك؟؟ یاخود پاش دروست بوونی پەستانێکی زۆر لەسەر بیروهۆش و ئەندێشەو هزری ئەو بڕیارە ترسناکەی داوە؟؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وا هەست دەکەم کە وەڵامێکی خێراو حازر بەدەستمان چنگ دەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە شتێکی دیارو ئاشکرایە هیدایەت ترسێکی زۆری هەبووە بەرامبەر بەژیان و تەنانەت کێشەی هەبووە لەگەڵ ژیاندا، چونکە





دووبارەکردنەوەی خیتابە بەناوبانگەکەی خۆی لە چیرۆکی زیندە بەگۆڕدا بە پێویست دەزانم:

*" خەڵکی لەمەرگ دەترسن و من لە ژیانی لاساریی خۆم"* .

کەواتە ئەمە ئیڤیدێنسێکە بۆ ئەوەی ئێمە وەڵامی دووەمی نێو پرسیارەکە ئیختیار بکەین، ئەویش ئەوەیە کە بڵێین بەڵێ بەهۆی بوونی پەستانێکی زۆر لەسەر هزرو ئەندێشەی بڕیاری خۆکوشتن لای نووسەر دەبێتە بڕیارێکی حەتمی و پاشگەزبوونەوەی نییە.

بەم خۆکوشتنە هیدایەت گەیشت بە مەرگێکی موتڵەق.

## بەشی نۆهەم

**"چەند نووسینێکی سادقی هیدایەت کە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرم گێڕاون".**

**نووسینەکان:**

١- مەرگ
٢- زمانی بێدەنگی گوێدرێژێك لەکاتی مەرگدا.
٣-مادلین.





## مەرگ

"مەرگ" چەند ووشەیەکی هەست بزوێن و ترسناکە! تەنها بە ئاماژەکردنی درز دەخاتە دڵ و بزەی لێوەکان دەتۆرێنێت و خۆی گێل دەکات لەشادی، تەنبەڵی و خەمۆکی بەدەست دەهێنێت و هەموو جۆرەکانی هەست کردن بە دڵەڕاوکی لەمێشکدا دەهاژوێت، (دەگرێتەبەر).

ژیان و مەرگ لەیەکدی جیاناکرێنەوە، ئەگەر ژیان نەبووایە ئەوا مەرگیش نەدەبوو.

بەمجۆرە، پێویستە کە مەرگ هەبێت بۆئەوەی کە ژیان مانای هەبێت.
هەموو شتێك، داخۆ ئەگەر گەورەترین ئەستێرە بێت لەئاسمان یاخود بچوکترین تەنۆچکەی سەر زەوی بێت زوو بێت یان درەنگ دەمرێت: بەردەکان، ڕووەکەکان، ئاژەڵەکان.... هەموویان هاتوونەتە وجودو دەبێت یەك لەدوای یەك بنێردرێنەوە بۆ جیهانی عەدەم.

هەموویان دەبن بەمشتێك لە تۆزو دائەبارێنە ناو نسیان و بیرچوونەوە، هەرچەندە زەوی بەکەمتەرخەمی سوڕانەوەی خۆی لەئاسمانی ناکۆتادا دەپارێزێت، سروشت ژیانی خۆی لەسەر پاشماوەی مردووەکە دەست پێ دەکاتەوە، تیشکی رۆژ، هەڵکردنی سروەو شنەی شەماڵ، گوڵەکان هەوا پڕ دەکەن لە عەترو بۆن و بەرامەی خۆیان، باڵندەکان گۆرانی دەچڕن، هەموو مەخلوقە زیندووەکان دەهەژێن، ئاسمان پێدەکەنێت، زەوی خواردن دەدات، فریشتەی مەرگ دروێنەی ژیان بەداسە کۆنەکەی (کولەکەی—و.ك) خۆی دەچنێتەوە.

مەرگ بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو مەخلوقە زیندووەکان دەکات و بێ داشکانەوە بەهیچ لایەکدا چارەنووسیان دەدۆزێتەوە، نە دەوڵەمەند دەناسێت نە هەژار، نەپایە نزم نە پایە بەرز، کەینونە و وجودی مرۆڤ، ڕووەکەکان، و ئاژەڵەکان لەنێو گۆڕە تاریکەکەیاندا نزیك لەیەك دادەنێت. ئەوە تەنها گۆڕستانە کە تێیدا جەلادو خوێن رێژەکان لەکرداری زوڵم و زۆریان دەکەون و بێ تاوانەکان تێیدا ئازار نادرێن.

لەگۆڕستاندا نەچەوسێنەرێك هەیە نەچەوساوەیەك، گەنج و پیر بەئاشتیانە پشوو دەدەن، چەند خەوێکی پڕ لەئاشتی و ڕووخۆشە مەرگ!!

هیچ کەسێك بەیانی داهاتوو نابینێت و گوێ ی لەلاف و فیزلێدان و غەڵبەغەڵب و ژاوەژاوی ژیان نیە.

مەرگ باشترین مەئواو پەناگایە لەئازار، غەم و پەژارە، ناسۆری چەشتن و سەختی و دڵڕەقییەکان. لەگەڵ مەرگدا ئاگری شەڕەنگێزی شەهوەت و ئارەزوو نامێنێت، هەموو شەڕەکان، جەدەلەکان و کوشتارەکانی نێو مرۆڤەکان کۆتاییان دێت و نائومێدیی و





کێشمەکێشی بەریەککەوتن و خۆستایشکردنیان لەقوولایی خۆڵی تاریك و ساردی رێڕەوە تەسکەکەی گۆڕەکەیاندا دەنیشێت.

ئەگەر مەرگ وجودی نەبووایە هەموو کەسێك بۆی دەکشان، گریانی نا ئومێدی دەگەیشتە ئاسمان، هەموو کەسێك نەفرەتیان لە سروشت دەکرد، چەند ترسناك و بەئازار دەبوو ئەگەر ژیان ناکۆتا بووایە؟!

کاتێك کە ئەزموونی قورس و سەختی ژیان ڕوناکی فریودەری گەنجیی خامۆش دەکرد، کاتێك کانیلەی سۆز ووشك دەبوو، کاتێك کە ساردی، تاریکی و ناشرینی لێمان ڕوودەدات، ئەوە مەرگە کە چارەسەری حاڵەتەکە دەکات. ئەوە مەرگە کە قامەتی چەماوەمان، چرچ و لۆچی دەم و چاومان و جەستە بەئازارەکەمان دەخاتە شوێنی پشوودانی خۆیەوە.

ئۆه، مەرگ، تۆ دڵتەنگی و غەم و پەژارەی ژیان کەمدەکەیتەوە و کۆڵە پشتە قورسەکەی سەرشانمان لا دەبەیت، تۆ کۆتاییەك بۆ ئەو بێزارییە لەسەرخۆیەی مرۆڤە نەحس و دڵتەنگەکان دادەنێیت.

تۆ تریاکی کارەسات و نائومێدیت، تۆ چاوی پڕ لەفرمێسك ووشك دەکەیت، تۆ وەك ئەو دایکە بەسۆزەی کە باوەش بەمنداڵەکەی دا دەکات و بەنەرم و نیانییەوە ماچی دەکات و دوای رۆژێکی ڕەشەبادار دەیخەوێنێت، تۆ لە تاڵ و توندوتیژ ناچیت، تۆ مرۆڤ پەلکێش ناکەیت بۆ لادان و بەدڕەوشتی و هەڵی نادەیتە خولی ئاو (سوڕی ئاو) ی ترسێنەرو تۆقێنەرەوە.

تۆ بە بوغزوکینە و نزمی و خود ئەڤینی و بەغالەتو چاوچنۆکی بوونی مرۆڤەکان پێدەکەنیتو کردەوە نا شایستەو بێ ئابڕووەکانیان

دەشاریتەوە، ئەو کەسەی کە شەرابی ژەهراوی تۆی نۆش نەکردبێت وێنەیەکی ترسناکی تۆی هەیە.

تۆ، فریشتەیەکی شکۆمەندی، وای دادەنێن کە شەیتانێکی زۆر تووڕەیت بۆچی لەتۆ دەترسن ؟؟ بۆ لەخاچت دەدەن و تۆمەتبارن دەکەن ؟؟ تۆ ڕووناکی درەوشاوەیت بەڵام ئەوان دەتخەنە تاریکییەوە، تۆ مەلائیکەی موبارەکبایی و مژدەبەخشی ڕەحم و سۆزیت، بەڵام ئەوان بەدەنگی بەرز تەعزێبار دەبن کاتێك کە تۆ دەگەیت.

تۆ پەیامبەری تەعزێباری و شیوەن گێڕان نیت، تۆ شیفایەکی بۆ دڵە غەمبارەکان، تۆ دەرگای ئومێدو هیوا بۆ مرۆڤە نائومێدەکان دەکەیتەوە، تۆ قافڵەی بێ دەرەتان و ماندووەکان ئاسوودە دەکەیت و ئازادیان دەکەیت لەناسۆری گەشتەکەیان، تۆ شایانی ستایش و پیاهەڵدانیت، تۆ ئەزەل و سەرمەدییت.

ژێنت/ بەلجیکا

**تێبینی وەرگێڕ:**

"مەرگ" لەساڵی ١٩٢٦دا لەلایەن سادقی هیدایەتەوە نووسراوە، کە دادەنرێت بەیەکەمین نووسەری پەخشان و چیرۆکی مۆدێرن لەئێران، ئەم نووسینەی هیدایەت لەساڵی ١٩٢٧ دا لە گۆڤاری ئێران شەهر لە بەرلین بڵاوبۆوە و پاشان لەگەڵ بەرهەمی کۆکراوەی (پەروین کچی ساسان) دا لەلاپەڕەکانی (١٢٠-١٢٢) دا جارێکی تر بڵاوبۆتەوە، ئەم نووسینە سیماو ڕووخساری ڕاستەقینەی هیدایەت دەردەخات بەرامبەر





بەمەرگ و ژیان، کاتی نووسینەکە دەکەوێتە نێوان بارگران ترین و گرژترین ساڵەکانی تەمەنی هیدایەت (١٩٢٣-١٩٣٠) کە تێیدا بۆ یەکەمین جار هەوڵی خۆکوشتنی داو سەر نەکەوت، بەڵام دوای بیست و چوار ساڵ (٢٤+١٩٢٧=١٩٥١) ئەمجارەیات بەتەواوی خۆکوشتنەکەی سەری گرت و لەکۆتایی دا دەست لەملانی مەحبوبەکەی خۆی بوو کە ئەویش (مەرگ) بوو.

هیدایەت راستگۆترین نووسەر بووە بەرامبەر بەنووسینەکانی و خۆکوشتنەکەی راستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێت، چونکە پەیامی هیدایەت بۆ خوێنەر پەیامێکە بارگاوی‌و رەنگڕێژە بە خۆکوشتن.

# زمانی بێدەنگی گوێدرێژێك لەكاتی مەرگدا

ئاه ! جەستەم لە تاو ئازار دەلەرزێت، ئەمە هەموو خەڵات و پاداشتی منە سەبارەت بەو هەموو خزمەتەی كە كردم بەم بێهەست و سۆزە، بەم ئاژەڵە دڵڕەقە دووپێیە (مرۆڤـ –و.ك).

ئەمڕۆ دوا رۆژی منەو ئەمە تەنها دڵنەوایی منە!! پاش بەسەربردنی ژیانێكی پڕ لەسەرسەختی و بێزاری و دڵتەنگی چەشتن، پاش قبوڵكردنی قورساییەكی بەرگەنەگر، دووبارەبوونەوەی لێدان بەتێلاو زنجیرو نەفرەتی رێبوارو گوزەركەران، سوپاس خودایە كە من هەوڵ و كۆشش دەدەم بۆ ماڵئاوایی كردن لەم ژیانە ناخۆش و تۆقێنەرە.

ئێرە رێگای شەمێرانە، ئەمرۆ قاچەكانم بەهۆی كەمتەرخەمی مامۆستاكەمەوە لەڕووداوێكی ئۆتۆمبێلدا تێك شكان، گەر كەمتەرخەمی ئەو نەبووایە من بۆ بەم حاڵە دەگەیشتم؟؟ پاش لێدانو سزادانم و پاش بەكارهێنانی زمانێكی پیس، جەستە بریندارەكەمیان ڕاكێشایە ئەولای رێگاكەو لەوێدا بەتەنها بەجێیان هێشتم.

لەوانەیە بیریان چووبێت كە هێشتا دەتوانن ناڵ و پێستەكەم بەكاربهێنن، لەوە دەچوو كە هیوایان بەرامبەر بەمن لەدەست دابێت.

ئایا لەم كاتەدا ئەوان دا خواردنم بۆ دەهێنن ؟ نا.... من دەبێت بەعەزاب و برسێتییەكی گەورەوە بمرم چونكە چیتر من كەڵكم نیە بۆیان.





ئاه ! ئازارەكە زیاتر سەخت دەبێت و تائێستا خوێن لەبرینەكانمەوە دەچۆڕێت، ئەم مرۆڤە چ جۆرە ئاژەڵێكە كەوا زاڵە بەسەر ئێمەدا، ژیانی ئێمەی شەرمەزار كردووە و ئابڕووی بردووە و پڕی كردووە لە سەختی و دژواری چەشتن، سروشتی قسە لەڕوویی و هەستە هاوڕێیانەییەكانمان ئازار دەدات و یەكبینە پێستمان بریندارو ژیانمان بێزارو وەڕس دەكات.

بەڕووكەش وا پێشان دەدات كە لە ئێمە دەچێت، و بێگومان وەك ئێمە لە كۆتاییدا دەمرێت، لەم رێزگرتنەدا خۆیان وا پێشان دەدەن كە گوایە جیاوازی نیە لەنێوانماندا، هەر چۆنێك بێت لەوە دەچێت، ئەو لە تەختەو بەرد دروست بوو بێت چونكە بەقامچی لێمان دەدات هەروەكو ئەوەی كە ئێمە هەستمان پێ نەكرد بێت، ئەگەر ئەو هەستی بەئازار بكردایە ڕەحم و میهرەبانی دەبوو بەرامبەرمان.

ئەم ئامێری ئازارو ئەشكەنجەدانەی كە مرۆڤ بەكار دێنێت سروشتی نیە، ئەوان خۆیان لەوە دروست بوون، هەندێك جار لەو كاتەوەی كە كۆمەڵگاكان پێیان دەوترێن (كۆمەڵگا مرۆڤایەتییەكان) كە لە ئەورووپاو ئەمریكادا دامەزران بۆ بەرگری كردن لەمافی ئاژەڵان، یاسا دیاریكراوەكان رۆڵی ئەوەیان نەدەبینی كە بەرگری لەمافی ئاژەڵان دەكەن و دڵڕەقی بوونی مرۆڤەكان و مامەڵەی زۆردارانەی كڕین و فرۆشی بەرامبەریان دەوەستێنن. ئایا ئەوانەی كە سەر بەو كۆمەڵگایانەن رێك وەك ئەم ئاژەڵانەن؟ مەحاڵە!! ئەگەر وەك ئەوان بوونایە ئەوا دڵیان لەبەرد دروست نەدەبوو. زاناكانی بواری سروشت (سروشت زانی) ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان خۆیان و ئێمە نابینن، و خۆیان بەسەرۆكی شیردەرەكان دادەنێن، بەڵام دیكارت كە یەكێكە لە

فەیلەسوفە بەناوبانگەکان واهەست دەکات سەلماندوویەتی کە ئاژەڵەکان هیچ نین جگە لە مەکینەو ئامێرێکی جووڵاو، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا دەشێت بەشێوازێکی میکانیکی ئاژەڵ دروست بکرێت.

لەگەڵ شوێن کەوتنی ئەم بیرۆکە پووچەدا، فەیلەسوفەکانی تر بەڕووی دا هەڵشاخان، لەنێوان ئەواندا شۆپنهاوەر بەرگری لەئێمە کرد، ئەو دەڵێت: بناغەی باوەڕی ئەخلاقیات و نەرێت، هەبوونی ڕەحم و میهرەبانیە نەك بەتەنها بۆ سۆزی خۆمان بەڵکو بۆ هەموو ئاژەڵەکانی ترو تا دەگاتە بڕومەودایەکی دی، ئەو لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەخلاقیات هەست و زیرەکی ئێمەی ڕوون کردۆتەوە، یەکێکی تر گوتویەتی: مایەی ئاسوودەییە بۆ هەندێك دایك کە ببینێت منداڵەکانی باڵندەیەك سەر دەبڕن یان سەگێك یاخود پشیلەیەك بریندار دەکەن لەیارییەکەیاندا.

ئەمە ڕەگی گەندەڵی و بناغەی دڵڕەقی و چەوساندنەوە و دەمکوتکردن و تاوانە، لەڕاستیدا ئەو ستەمەی کە دەرهەق بەئێمە دەکرێت لەئەنجامی ئەو ڕێگە زاڵم و نادادپەروەریە یە کە هەندێك دایك منداڵەکانی پێ پەروەردە دەکات.

داخ و حەسرەت ! ئێمە بێ زمان و لاڵین ئەمەش هۆکاری غەمباری و بێزاریمانە.

تەنها ئەرستۆ دەربارەی ژیانی ئێمە حەقیقەتی کەشف کردووە ئەو دەڵێت: "مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە" تەنها بەهۆی توانای قسەکردنی مرۆڤەوەیە کە ئێمە قوربانیی کەوتووی شەهوەت و گۆڕانکاری خێرای ئادگاری دەستەیەك ئاژەڵی چاوچنۆك و خۆپەرستین، بۆچی خەڵکی





دوای ئەم فەیلەسوفانە نەکەوتن؟ ئەوە بەڵگەیە، کە هەبوونی نیازو مەبەستی مرۆڤ بەندە بە بایەخی کەسایەتی خۆیانەوە ئەمە بەتایبەتی ڕاستە سەبارەت بەهێستر لێخۆڕەکان ئەوانەی کە دواکەوتووی (دیکارت)ن و بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکەن کە شتێکی بێ ئیحساس و مردووین.

بوونی ڕەحم و سۆز بەرامبەر بە ئاژەڵان بەشێوەیەکی جەوهەری و ئەساسی ئایدیایەکە کە لە ڕۆژهەڵاتدا پەرەی سەندووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پێغەمبەرەکان دڵرەقییان بەرامبەر بە ئاژەڵەکان قەدەغە کردووە.

مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان، حەکیمەکان و نووسەرەکان ئەوانەی دەربارەی مەسەلەی ئەخلاق دەنووسن تەنانەت شاعیرەکانیش هەموویان ئیتیفاق لەسەر بابەتی مافەکانی ئاژەڵان دەکەن، بۆ نمونە، حەکیم فیردەوسی، خودا ڕۆحی ئارام و سکون بکات، دەڵێت:

"ئازاری مێروولەیەك مەدە کە دەنکە تۆوێکی لەسەر پشتی هەڵگرتووە چونکە مەخلوقەکە زیندووە و ژیان شرینەی لای".

بەڵام هەموو ئەم وشانە هیچ ئەنجامێکیان بەرهەم نەهێنا بەهۆی نەبوونی یاسایەك بۆ ڕێگری کردن و سنووردار کردنی دڵرەقی بوونی مرۆڤەکان و بێ سنووری چاوچنۆکی و تەماعیان، ئەگەر لەڕۆژئاوا قاچەکانم تێك شکابوون، ئەوا لەم ناسۆری چەشتنە بێ ئاکام و نەزۆکە ڕزگار دەبووم و هێور دەبوومەوە یان دەیان خەواندم ! ئاه ! ڕزگارم بکە لەعەزاب و برسێتی ! خۆزگە بەوە دەخوازم کە ئازادبم بۆئەوەی لەنێو ئاژەڵەکانی جۆری خۆمدا لەنێو لەوەڕگاو کەش و هەوایەکی خۆشدا بژیم بۆئەوەی لەرۆژێکدا بمرم کە لە چارەنووسی خۆمدا نووسراوە.

بەلاّم ئێستا لەبرسێتی و سەختی و دژواری نێو دیلی و بەندی دا دەمرم، ئەمە سەرەنجامێکی ترسناکە بۆ ژیانی ئاژەڵێکی بیٚ زمان کە لەلایەن ئەم مەخلوقە دووپێیەوە (مرۆڤ — و.ك) کۆتبەندکراوە، ئەبێت لەو ئاگرەدا بسووتێم، کە ئەوان دایدەگیرسێنن.

ئاه ! ئۆقرەم سنوورەکانی تێپەڕاند، مرۆڤەکان بکوژی دەمکوتکراوو چەوساوەن، بۆچی ئەوان ناچن ئاژەڵە نادەستەمۆو دڕەندەکان بخەنە کۆتبەندی و خزمەتی خۆیانەوە؟ گوناهی ئێمە ئەوەیە کە ئاژەڵێکی ماڵی و دەستەمۆین، و لەراستیدا ئەوەی لێدەوەشێتەوە کە ئێمە بیٚ زیان و بەد ڕەوشتین بەرامبەر بە خواردنی رۆژانەمان.

دونیا لەپێش چاوم تاریك و پیس داگەڕاوە، جەستەم لاواز گەشە دەکات بەهۆی برسێتی چەشتن و لێدانەوە، دەتوانم گوێم لە هەنگاوەکانی پێی یەکێك بێت، لەوانەیە ئەوە مامۆستاکەم بێت ئەو مامۆستایەی کە هەست بەلێبوردن دەکات بەرامبەر بە خەفەتباری من و خواردنی بۆ هێناوم.

نا..، ئەوە تەنها منداڵێکە بەردێکی تێگرتم و ڕای کرد. بەم نزیکانە من دەمرم، بەم زووانە دەتوانم تۆڵەی خۆم لەم زاڵمە دڵڕەقە وەرگرم لەبەردەم دادگای دادپەروەری هەمیشەییدا.





## مادلین

پێریٚ شەو لەوێدا بووم، لەو ژووری میوانە بچکۆلەیەدا. دایکی و خوشکەکەشی هەر لەویٚ بوون. دایکی پۆشاکێکی خۆڵەمێشی پۆشی بوو، خوشکەکەی پۆشاکێکی سووری لەبەر کردبوو. من ئەنیشکم دایابۆوە سەر پیانۆکەو لەوێدا وەستابووم تەماشام دەکردن، دەنگی هیچ نەدەبیسترا جگە لە دەنگی ریکۆردەرەکە، کە گۆرانییەکی هەست بزوێن و غەمباری لێدەدا بەناوی کاپتنی رووباری ڤۆڵگا. لەدەرەوە رەشەبا هەڵی کردبوو، دڵۆپە بارانەکان بەر شووشەی پەنجەرەکە

دەکەوتن و ووردە ووردە بە شووشەی پەنجەرەکەدا دەخزانە خوارەوە. دەنگی بێزارکەری دڵۆپە بارانەکان تێکەڵی دەنگی مۆسیقاکە ببون.

مادلین بە غەمگینی و نیگەرانی لەبەردەمی مندا دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر دەستی و گوێی لە مۆسیقا دەگرت. من چاوبازانە تەماشای پرچە قاوەییە سورباوە چین چینەکەی و شانە رووتەکانی و گەردنی و ژیان و گوزەرانە منداڵ ئاساکەییم دەکرد، کە دەربڕینێکی ناسروشتی پێشان دەدا. من هەمیشە خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ئەو کچێکە بەدوای یاری و نوکتەدا دەگەڕێ، نەمدەتوانی خەیاڵی ئەوە بکەم کە ئەو کچێکەو بەجدی بیر لە ژیان دەکاتەوە، هەروەها نەمدەتوانی خەیاڵی ئەوەبکەم کە ئەم کچە دڵتەنگ دەبێت. حەزم بە هەوەس و تاقەتی منداڵانەی ووریا ئاسای ئەودەکرد.

ئەمە سێهەمین جار بوو کە سەردانی ئەوم کردبوو، یەکەم جار کە پێی گەیشتم لە کەناری دەریا بوین، ئەوو خوشکەکەی دەرپێی حەمامییان لەبەر کردبوو، زیتەڵە بوون و یەکبینە پێدەکەنین، رەوشت و ئادگاری مادلین بەڕەوشتی منداڵێك دەچوو، بەدوو چاوە دروەشاوەکەیەوە بە منداڵێکی شەیتان و بزێو دەچوو.

هەموو شتێکی یەکەم ڕوو بە ڕووبونەوەمانم لە بیردێت، خۆرئاوابوون و شەپۆلەکانی دەریاو گازینۆکە. بەڵام ئەمجارە ئەو و خوشکەکەی زۆر گۆڕابوون، لەو پۆشاکە ئەرخەوانیە کەشخەیەی کەپۆشیبوویان، لەگەڵ تەنورەکانیان کە قاچەکانیانی تاوەکو قوولەپێیان داپۆشیبوو بەناشادو نیگەران دەچوون.

لەگەڵ دەنگی خوپێچاندنەوەیەکی گەرم رێك هەروەکو شڵپەی شەپۆلەکان لەدووریەکدا ریکۆردەرەکە وەستا، دایکی هەوڵیدا کە





کەسێکی کۆمەڵایەتی بێت و دەربارەی راپەڕاندن و بەدەست هێنانی کچەکانی لە قوتابخانە دەدوا، گووتی" مادلین لەپۆلەکەی خۆیدا باشترین خوێندکارە". خوشکەکەی سەیری منی کردو چاوێکی داگرت، من وام پێشاندا کە گوێ دەگرم، وەڵامێکی کورتی کەمتەرخەمم دانەوە، بەڵام نەمتوانی تەرکیز بخەمە سەر چاودێریکردنەکەم. دەربارەی هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەوان کە بۆ یەکەمجار چاوم پێکەوتبوون بیرم دەکردەوە، دەربارەی پێشی دوومانگ کە بۆ یەکەمجار ئەوم بینی بوو، ئیشێکی پایزانەم چنگ کەوتبوو و چووبووم بۆ کەنار دەریا، بیرم دێت کە لەگەڵ هاوڕێیەکم بووم، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆبوو، ئاوو هەوا گەرم بوو، شەقامەکان قەرەباڵغ بوون، چووین بۆ (ترِۆوڤیل)و لەبەردەم وێستگەی شەمەندەفەرەکەدا پاسمان گرت، پاسەکە دەخلیسکاو بە پەلە بەرەو پێشەوە بەڕێگای کەنار دەریاکە رووەو دارستانەکە دەرۆیشت، سەدان ئۆتۆمبێلی تێدەپەڕاند، ئۆتۆمبیلەکان هۆڕنیان لێ دەداو دەنگەدەنگێکی زۆریان نابۆوە، هەوا پڕبوو بوو لە بۆنی نەوت و گازۆلین، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر هەموو کەسێك دەیتوانی دیمەنی دەریاکە لە پشت درختەکانەوە ببینێت.

لەکۆتایدا لە یەکێك لە وێستگەکاندا پاسەکەمان بەجێ هێشت. ئەوێ (ڤیلەرڤیڵ) بوو، بە کۆڵانە تەسك و تەنگەبەرەکانیدا سەردەکەوتین و دەهاتینە خوارەوە کە دیواری بچوك و کورتی هەبوو لە هەردوولادا بە بەردو قوڕ دروست کرابوون، گەیشتینە کەنار دەریاکە کە بەشێوەی نانی تەفتون* دەچوو، لەبەرزاییەکدا بنیات نرابوو.

* تەفتون: جۆرە نانێکی فارسی تەختە (پانە) کە بە تەنوور دروست دەکرێت.

لەبەردەم دەریاکەداو لەچوارگۆشەیەکدا دەتوانرا گازینۆیەك ببینرێت، و لەوێدا هەندێك خانووی بچووك و ڤێلا لەنیوەڕێی سەرگردەکەدا هەبوون، کەمێك لەولاتر شەپۆلەکان بەسەر کەناری دەریاکەدا شەپۆلیان ئەدا، هەندێك لە منداڵان کە لەلایەن دایکیانەوە یاوەری دەکران یاری تۆپێنیان دەکرد یاخود لە قووڕەکەدا گەمەیان دەکرد، گروپێك لە پیاوان و ژنان بەدەرپێی حەماميیە تەسکەکەیانەوە بەناو ئاوو بەسەر ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد. هەندێك لەبەر خۆرەکەدا دانیشتبوون و راکشابوون.

پیاوە پیرەکان بە تەمەڵی و تەوەزلیەوە لە ژێر چەترە خەت خەتەکانیاندا پاڵکەوتبوون رۆژنامەیان دەخوێندەوەو لە ژێر چاوەوە تەماشای ئەو خانمانەیان دەکرد کە بەوێدا گوزەریان دەکرد. لە پشتمانەوە بەرەو دەریاکە لەسەر لێوارێکی فراوانی بەرزی بەنداوەکە رووبەڕووی گازینۆکە دانیشتین.

رۆژگار نزیکی غروب بوو ئاوی دەریاکەش بەرز بوو بۆوە، شەپۆلەکان دەیانکێشابە رۆخی دەریاکەداو پەرچ دانەوەی تیشکی خۆری خۆرنشین لەسەر شەپۆلەکان سێ گۆشەی نووك تیژی دەهاوێشت. کەشتییەکی رەشی گەورە بەرەو رووی بەندەری (لێ هاڤرێ) بەناو تەمومژو بوخاری بەرزبۆوەی دەریاکەدا دەرۆیشت، ئاو هەوا ساردتر بوو، خەڵکەکەش ئەوانەی کە لەخوارەوەی رۆخی دەریاکە بوون هاتنە سەرەوە، بینیم هاوڕێکەم هەستایەوە بۆ ئەوەی تەوقە لەگەڵ دووکچدا بکات کە لە ئێمە نزیك دەبوونەوە هاوڕێکەم منی ناساند بەوان ئەوانیش هاتن لەنزیك ئێمە لەسەر لێواری بەنداوەکە دانیشتن. مادلین تۆپێکی بەدەستەوە بوو یاری پێدەکرد، دەستی کرد بە قسەکردن





لەگەڵمان هەروەکو ئەوەی کە لە مێژبێت ئێمە بناسێت، هەندێکجار هەڵدەستایەوەو یاری بە تۆپەکەی دەستی دەکرد پاشان دەهاتەوەو لەنزیکمانەوە دادەنیشت، جارێك بەشۆخی و گاڵتەوگەپەوە تۆپەکەم لەدەستی راکێشاو ئەویش تۆپەکەی بەرەو رووی خۆی راکێشایەوە.

دەستم لە دەستەکانی خشاند، دوو دەستی گەرم و نەرم و نیانی هەبوو بەلاچاو تەماشای ئەوم دەکرد، تەماشای مەمکەکانی و قاچە رووتەکانی و سەرو گەردنیم دەکرد، لەدڵی خۆمدا دەمگووت چەند خۆشە گەر توانیبام سەرم بخەمە سەر سنگی و لەوێدا رێك لەسەر رۆخی دەریاکەدا لەبەردەم دەریاکە خەوتبام.

خۆرئاوابوو، رووناکیە زەرد هەڵگەڕاوەکەی مانگ کەشێکی خانەوادەگی لە کەنارە دوورە دەستە بچووکەکەدا خەڵق دەکرد کە دەکەوتە بەشی دەرەوەی شارۆچکەکە.

دەست بەجێ لەگازینۆکەوە گوێمان لە مۆسیقای دانس کردن بوون. مادلین کە دەستی لەناو دەستمدا بوو دەستی کرد بە گوتنی گۆرانییەکی ئەمریکی بەناوی "میسیسیپی"، دەستیم گوشی، لەدوورەوە رۆشنایی منارەی دەریاوانەکان کە نیوە بازنەیەکی لەسەر رووی دەریاکە دروست کردبوو دەهات، دەمانتوانی گوێمان لە خوڕەی شەپۆلەکان بێت کە بەرکەنارە لمینەکە دەکەوت، سێبەری خەڵکەکان بەوێدا گوزەریان دەکرد.

لەکاتێکدا کە ئەم وێنانە بە بەرچاومدا تێدەپەڕین، دایکی مادلین لێمان نزیك بۆوەو لە تەنیشت پیانۆکەوە دانیشت، لەسەر رێگاکەی هەستام و چوومە سووچەکەوە، دەست بەجێ مادلینم بینی کە هەستا بۆ ئەوەی بەرەو رووی مێزەکە بڕوات. بەجۆرێك دەڕۆیشت کە هەروەکو

ئەوەی خەواڵوو بێت، بەرەو ئەو کاغەزە پەرش‌و بڵاوانە چوو کە نۆتەی مۆسقایان لەسەر نووسرابوو، یەکێکیانی هێناو هاتە نزیکی منەوە، لەوێدا وەستاو پێدەکەنی، دایکی دەستی کرد بە پیانۆ ژەنین.

مادلین بەچرپە چرپ دەستی کرد بە گۆرانی چرین، هەمان گۆرانی دانس کەمن لە (ڤیلەرڤیل) گوێم لێ بوو بوو-، گۆرانیەکە "میسیسیپی" بوو.

پاریس (٥)ی جانوەری ١٩٣٠





## سوپاس بۆ:

– برای بەڕێز کاک ( کامیل ئەحمەد بەگ ) کە هاوکاری کردم لەسەر خستنی ئەم پرۆژەیەدا.

– برای ئازیز کاک ( ئازاد حاجی ) کە دیزاینی بەرگ و ناوەوەی کتێبەکەی بۆ کردم.

## سەرچاوەکان :

1.Daftar-e Honar, vol,no. 6 , September 1996.

2.In the Spiders web, by M.F.Farzaneh (Nashr-e Markaz Publishers, Tehran, 2005, 1384.

3.Manouchehr Mohandessi, 'Hedayat and Rilke," Comparative Literacher,23,no.3,Summer 1971, pp. 209-216.

4.The Stray Dog, Sadegh Hedayat, Tehran, 1942.

5.Iraj Bashiri, The fictions of Sadeq Hedayat, Mazda Publishers,1984.

6.Sayers, Carol, The Blind Owl and other Hedayat stories, Minnea polis, Mine sota, 1984.

7.Homa Katouzian, Sadeq Hedayat : Life and Legend of an Iranian Writer, I .B . Tauris, 2000, ISBN 1- 86064-413-9.

8.http://faculty.quinnipiac.edu/libarts/monshipouri/cira/news/archive/hedayat.htm

9. http://www.blindowl.org/

**١٠- پەیامی کافکا، سادقی هیدایەت، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، کتێبی گیرفان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل (١٢-١٤).**

**١١- گوڵبژێرێك لە چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت، وەرگێڕانی : عەلی نانەوازادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٦.**